وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر

کۆلێژی ئاداب/ بەشی مێژوو- ئێواران

قۆناغی دووەم/ کۆرسی دووەم

# مێژووی ئەفریقیای باشووری بیابان

مامۆستای بابەت: م.ی. ئارام ئەبوبەکر حەمەدەمین

سالی خوێندن

2722 -2723 کوردی

2022 -2023زاینی

## – **بنچینەی ناوی ئەفریقیا:**

بۆچوون و رای جیاوازی زۆر هەن سەبارەت بە ئەسڵی ناوی کیشوەری ئەفریقیا، لەسەرەتادا ئەم ناوە بۆ هەموو کیشوەرەکە نەهاتووە، بەڵکو سنووردار بووە بۆ یەک ناوچە، ئەویش باکووری کیشوەرەکە بوو، هەر ناوچەیەک ناوێکی تایبەتی هەبووە، وەکو: میسرو وڵاتی زنج و حەبەشە.

سەرچاوە عەرەبییەکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ناوەکە هەیە، **یاقوتی حەمەوی** لە کتێبی معجم البلدان ئاماژە بە (ئیفریقشی کوڕی ئەبرەهەی کوڕی رائیش) دەکات، هەروەها باسی (ئیفریقش کوڕی سەیفی کوڕی سەبائی کوڕی یەشجبی کوڕی یەعربی کوڕی قەحتان) دەکات، دەڵێ کاتیک مەغریبی داگیرکرد لە شوینێکی فراوان و ئاوداردا کۆتایی بە لەشکرکێشییەکەی هینا، لەوێ فەرمانیدا شارێک دروست بکەن، کە ناوی شارەکە لەناوی ئەوەوە وەرگیرا، دواتریش خەڵکی بەرە بەرە بۆ ئەو شارە کۆچیان کرد. لەلایەکی دیکەوە هەر یاقوتی حەمەوی ئاماژە بە بۆچوونێکی دیکە دەکات کە گوایە لەلایەن (فارقی کوڕی بەیسەری کوڕی حامی کوڕی نوح) ناونراوە ئەفریقیا. هەروەها **حەمیری** (محمد بن عبد المنعم الحمیری 1495ز مردووە، جوگرافیناس و نووسەر بووەو سیرەو اخباری تۆمار کردووە، خەڵکی سەبتەی مەغریب (سەبتە لەسەر جبل تارقەو ئیستا لەژێر دەسەڵاتی ئیسپانیادایە) بووە) دەڵێ ئەفریقیا بە مانای خاوەنی ئاسمان دێت، هەروەها دەڵێ ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئیفریقی کوڕی ئیبراهیم (سڵاوی خوای لەسەر بێت)، لەلایەکی دیکە دەڵێ خەڵکی ئەفریقیا لە نەوەی فارقی کوڕی میسرن.

بەڵام **حەسەن وەزان** دەڵێ ئەم ناوە لە ناوی ئیفریقشی پاشای یەمەن وەرگیراوە، ئەمەش کاتیک دووچاری شکست بووە لەسەر دەستی پاشاکانی ئاشووری، نەگەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی و لە ئەفریقیا نیشتەجێبوو، دوای ئەوەی لە رووباری نیل پەڕییەوە بەردەوام بوو بەرەو رۆژئاوا تا گەیشتە سنووری کارتاژ.

**غوتییە** (ئیمێل فێلیکس گوتییە: جوگرافیناس و رۆژهەڵاتناسی فەرنسییە (1864–1940) پسپۆری لەمێژوو و جوگرافیای مەغریب هەبووە، کتێبەکەی بەناوی (ماضی شمال أفریقیا)یە) دەڵێ سەرەتا بە ئەفریقیا دەگوترا کارتاژ، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لەژێر نفوزیاندا بوو، هەروەها مێژوونووسانی لاتین ناوی (ئەفری)یان بۆ هاوڵاتیانی کارتاژ بەکاردەهێنا. کەواتە ئەفریقیا ناوی رەسمی ناوچەکانی دەوروبەری کارتاژ بوو لەسەردەمی رۆمانی، هەروەها غوتییە بۆچوونی

حەسەن وەزان رەتدەکاتەوە کە ئەسڵی ناوەکە بۆ عەرەب دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو دەڵێ وشەیەکی فینقیەو چووەتە ناو زمانی لاتینی و بە مانای لێکترازان دێت، ئەو پارچە زەوییەی لە خاکی دایک جیادەبێتەوە.

بەڵام مێژوونووسی ئیتاڵی (**ئیتۆری رۆسی**) دەڵێت ناوی ئەفریقیا پەیوەستە بە گەلانی بەربەر کە رۆمانەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن و پەیوەندیان لەگەڵدا هەبوون، رەنگە ئەسڵی وشەکە لە وشەی (**ئەوریگا** – auriga) هاتبێت و رۆمەکان بە (**ئەفری** – Afri) یان (**ئەفریکانی** – Africani) بۆ هەموو گەلانی باکووری ئەفریقیا بەکاریان هێنابێت، بەتایبەتیش بۆ ناوچەی توونسی ئێستا، لەسەدەکانی ناوەراست تاوەکو سەدەی 16ی زاینی وشەی ئەفریقیا بۆ شارۆچکەی مەهدییەی توونس بەکاردەهات، کە ئەو ماوەیە بە هێرش و داگیرکارییە بەردەوامەکانی لەشکرەکانی مەسیحی ناسرابوو.

ناوی ناوچەکانی باشووری بیابانی گەورە لەسەدەکانی دواتردا بە ئەفریقیای باشووری بیابان ناسرا، بەتایبەت لەلایەن مێژوونووسانی فەرەنسی بەکارهات، ئەوان لەکاتی مامەڵکردن و بە پشتبەستن بە شوێنی جوگرافی ناوچەکە ئەم ناوەیان بەکارهێناوە.

گەڕیدەو جوگرافیناسە عەرەبەکان ئەم هەرێمەیان بە خاکی سودان یان وڵاتی سودان (بلاد السودان) ناو بردووە، ئەم زاراوەیە زیاتر بۆ کاریگەرییە جوگرافی وئیتنیکییەکەی دەگەڕێتەوە، هەروەها ناوی سودان بۆ هەموو ئەو هۆزانەش بەکاردەهێنن کە لەو ناوچەیەدا بڵاو بوونەتەوە. هەروەها فاکتەری شوێنی جوگرافی لەجیاوازی شوێنی جوگرافی هەرێمەکەو پێکهاتەی رەنگی پێستی دانیشتوانەکەی، هۆکارە بۆ ئەوەی سەرچاوە عەرەبییەکان زاراوەی وڵاتی سودان (بلاد السودان) بەکاربهێنن وەکو ئاماژەکردن بۆ ئەم ناوچەیەو جیای بکەنەوە لەو ناوچە بیابانییەی کە بەربەرەکان لێی دەژین.

ناوچەی ئەفریقیای باشووری بیابان رووبەرێکی فراوان لە کیشوەری ئەفریقیا دەگرێتەوە، کە لەکەنارەکانی زەریای ئەتڵەسی لەرۆژئاوا بۆ کەنارەکانی باشووری دەریای سوورو نیلی سەروو لەرۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، هەروەها لەنێوان بیابانی گەورەی ئەفریقیا لە باکوورو دارستانە باراناوییەکانی هێڵی خولگەیی لە باشوور دەورە دراوە.

- **وڵاتی سودان بە سەر سێ هەرێمدا دابەش دەبێت:**

١- رۆژهەڵاتی سودان: حەوزی رووباری نیلی سەروو و خواروو دەگرێتەوە، واتا کۆماری سودان تاوەکو سنووری باشووری مۆزەمبیق.

٢- سودانی ناوەراست: ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی چاد دەگرێتەوە، کە ئێستا بە کۆماری چاد ناسراوە.

٣- رۆژئاوای سودان: ناوچەی نێوان زەریای ئەتڵەسی و رووباری رۆژهەڵات دەگرێتەوە، کە ئێستا ناوچەکانی سەنیگال و غامبیاو فۆلتای سەروو و نەیجەری ناوەراست دەگرێتەوە.

## - بیروباوەڕە ئاینییەکان لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام:

پێش هاتنی ئاینی ئیسلام لەسودان چەندین ئاینی جۆراوجۆرو ئاراستەی جیاواز هەبوون، ئەوەی زانراوە باوەڕیان بەهیچ ئاینێکی ئاسمانی نەبووەو هیچ پێغەمبەرێکیان نەبووە، هەڵسو کەوتیان نزیکبووە لەگیانەوەران و گوێڕایەڵ و پەرستشی پاشاکان و گەورەکانیان کردووە بەبێ ئەوەی هیچ لەحوکم و سیاسەت بزانن هەروەکو ئەوەی لەئاژەڵە دڕندەکان دەیبینین. خەڵکێکی دوا کەوتوو و نە شارەزابوون و بێ بەش بوون لەهەموو مەعریفەو شارستانیەتێک، وەکو گیانەوەران بێ یاساو رێسا دەژیان، بێجگە لەژمارەیەکی کەمیان کە لەشارە گەورەکان نیشتەجێبوون، کە تا ڕادەیەک کەرامەتی مرۆڤ لەناویاندا مابوو. بۆیە پەنایان بۆ پەرستنی ئەو شتانە دەبرد، چونکە توانای رووبەرووبوونەوەی دیاردەکانی سروشتیان نەبوو، هەندێکیان ئاژەڵیان دەپەرست، هەندێکیش کۆیلەی روحی بابوباپیرانیان بوون، هەندێکی دیکەش فەرمانڕەواکانیان دەپەرست، هەندێکیش بت پەرست بوون و ئەم بتانەیان دەپەرست کە بە دەستی خۆیان دروستیان دەکردن لە مادەی جیاوازی وەکو: برۆنزو قوڕو دارو بەرد، یان پەیڕەوی ئاینی زەردەشتی و ئاینەکانی دیکەیان کردووە، بەڵام زۆربەیان لەبە پیرۆز زانینی روحەکان هاوبەشن و ترسیان لێی هەبووە. دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی جولەکەو مەسیحی و گەیشتنیان بەناوچەکانی ئەفریقیای باشووری بیابان، بەشێک لەدانیشوانی ئەم ناوچەیە باوەڕیان بەم دوو ئاینە ئاسمانییە هێنا.

## - ئاینی جولەکە:

جولەکە لەئەفریقیای باشووری بیابان و بەتایبەتیش لەحەبەشە بە (**فلاشە** یان **فلاشا**) ناسراوون، ئەم وشەیە لەوشەی (**فالاس**– Falas) یان (**فلاشا**– Flasha) یاخود (**فلای**) وەرگیراوە کە

بە عیبری بە مانای (کۆچەر) دێت، یان ڕۆچوونی زۆری زەوی، هەروەها بە مانای بیانی یان نامۆ یاخود دوورخراوە (منفی)، جگەلەمە پێشیان دەگوترێت جولەکەی ڕەش.

مێژووی هاتنیان بۆ حەبەشە بە تەواوی دیار نییە، هەندێک لەلێکۆڵەران پێیانوایە لە دەوروبەری ساڵی 586ی پ.ز کۆچیان بۆ حەبەشە کردووە، کاتێک (**نەبوخد نەصر**) قودسی داگیر کردو بڵاوەی پێکردن، بۆچوونێکی دیکە پێیوایە کۆچکردنەکە لەسەردەمی حوکمی **بەتلیمۆسییەکان** (305- 30 پ.ز) لەمیسر ڕوویداوە، لەکاتێکدا بۆچوونی سێیەم دەڵێ دوای بانگەشەی جولەکەکان لەسەدەی سێیەم یان چوارەمی زاینی لەیەمەن هاتوونەتە سەر ئاینی جولەکە، بۆچوونێکی دیکە دەڵێ لەپێش زاین بە شێوەی تاک هاتوون بۆ ناوچەکە، پاشان چوونەتە ناو کۆچەرە عەرەبەکان، بەڵام جولەکەکان بنەڕەتی خۆیان دەبەنەوە بۆ سلێمان پێغەمبەر(سڵاوی خوای گەورەی لێبێت)، حەبەشییەکانیش مێژووی خۆیان بە مەسەلەی سلێمان پێغەمبەرو پاشای سەبأ دەبەستنەوە، بەڵام ئەم پیکەوەبەستنە ئەفسانەیەو دەکرێت ڕەتبکرێتەوە، چونکە لەسەردەمی شانشینی (ئاکسوم) ئەو ئاینەیان وەرنەگرتووە، وە ئەگەر نەوەی سلێمان پێغەمبەر بووایەن، ئەوا جولەکەکانی حەبەشە ناوی منفی یان نامۆ یاخود بیانیان وەرنەدەگرت و بە دابڕاوی لەتەواوی ڕەگەزی جولەکە لە هەموو شوێنەکان نەدەمانەوە.

لەڕاستیدا پشت ڕاستکردنەوەی هەبوونی جولەکە لەحەبەشە زۆر جێی بایەخ نەبووە، جولەکەکان لەمێژووی ناوچەکەدا کاریگەرییان نەبووەو وەکو پاشکۆی مەسیحییەکان لەگوندو شارەکان بە دابڕاوی ژیاون، تا ئەو ڕادەیەی لێیان قەدەغە دەکرا بچنە ماڵەکانیان یان خواردن لەگەڵ خۆیان ببەنەوە، هەروەها ڕێگە نەدەدرا هاوسەرگیری لەگەڵ کچە مەسیحییەکان بکەن، ئەوان پابەندی دینەکەیان و پارستنی دابونەریتە ئاینییەکانیان بوون.

جولەکەکان لەئەفریقیای باشووری بیابان بە دابڕاوی دەژیان و ویستی پێکەوە ژیانیان نەبوو، حاکمی شاری (**تومبکتۆ**) دوژمنی سەرسەختی ئەوان بوو، نەیدەهێشت جولەکەکان لەشارەکەدا بژین، ئەگەر بە تێکەڵاوبوون یان بازرگانی جولەکەکانی بزانیبوایە دەستی بەسەر بازرگانیەکە دادەگرت، دەستگیری دەکردن ئەگەر لەهەر شوێنێک کۆبووبانەوە، هەروەها خەڵکی شاری (**زافون**)(شارێکی وڵاتی سودان بوو لەنزیک مەغریب) سوکایەتیان پێدەکردن، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی جولەکەکان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر مێژووی ناوچەکە نەبێت.

روونە کە جولەکەکان کاریگەری و نفوزێکی ئەوتۆیان لەناوچە جیاوازەکانی سودان پێش هاتنی ئیسلام نەبووە، بەڵکو کاریگەرییەکەیان سنووردار بووە، چونکە ئاینی جولەکە نەیتوانی بچێتە ناخی دانیشتوانی ناوچەکە، هەروەها نەیتوانی بەربەستە جیاوازەکانی نێوان باکوورو باشوور لەلایەک و رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەلایەکی دیکە بشکێنێت وەکو موسڵمانەکان ئەنجامیاندا، بەڵام ئەوەی لەمێژوودا دیارە کە دواتر ئاینی جولەکە ئامادەبوونێکی بەرچاوی لەرۆژهەڵاتی ئەفریقیا هەبووە.

**- ئاینی مەسیحی:**

ئاینی مەسیحی لەسەدەی چوارەمی زاینی بە تەواوی گەیشتە ئەفریقیای باشووری بیابان، بە تایبەتی شانشینی ئاکسوم، جێی باسە گرنگترین کاری کڵێسای قیبتی موژدەدەری بوو، حەبەشە یەکەم شوێنی چالاکی موژدەدەرەکان بوو، بوژانەوەی بازرگانی لەدەریای سووردا لەسەردەمی بەتلیمۆسییەکان بووە هۆی بوژانەوەی ناوچەکەو بەستنەوەی بە دەریای ناوەراست، ئەمەش لە رێگای بەندەری سەرەکی ناوچەکە (**ئادۆولیس**- Adoulis)(بەندەرێکی گرنگی شانشینی ئاکسوم بوو، ئێستا شوێنێکی ئەسەرییە لەئەریتریا، لەباشووری بەندەری موسەوەعە بەدووری 40کم لەسەر دەریای سوور) و ناسراو بوو بە بازرگانی عاج، هەروەها لەرێگای بازرگانێکی گەنجی مەسیحی بەناوی (**فرومینتیوس**- Frumentius) کە لەکاتی گەشتکردندا دەستگیر کرابوو، مەسیحییەت گەیشتە ئاکسوم، ئەم فرومینتیوسە بوو بە مامۆستای پاشا (**ئێزانا**-Ezana 320- 360ز)، کە ئاینی مەسیحی کرد بە ئاینی فەرمی دەوڵەت لەدەوروبەری ساڵی 333ز.

ئێزانا دوای ئەوەی پەیرەوی لەئاینی مەسیحی کرد هاوپەیمانی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بەست، دواتریش گەیشتە لوتکەی فراوانخوازی و گەشەسەندن لەنیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی زاینی، کە یەکەمین کەس بوو نازناوی سەرۆکی کڵێسای ئەسیوپیای پێ بەخشرا، چەندین کڵێسای دروستکردو دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی کرد، خەڵکی بیجا و خێڵەکانی نیشتەجێی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئاکسوم ملکەچ کردو پاشانیش هێرشی کردە سەر وڵاتی نۆبە.

مەلیک ئێزانا پێش ئەوەی بچێتە سەر ئاینی مەسیحی شانازی بە بتپەرستی خۆی دەکرد، لە پێشەکی هەموو قسەو نووسراوەکانیدا دەیگوت: (**من پاشای ئاکسوم و حەمیرو ریدان و سەبأ و سیدامێۆ بێجاو کاسۆو ساکنم، من کوری خواوەندی موحەرەمم**)، دواتر ئەمە گۆرا بۆ (**خودا پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییەو هەر ئەویش خاوەنیانە**)، هەروەها هەموو هێما بت

پەرستییەکانی لەسەر دراوەکان لابردو شێوەی خاچی لەشوێنیان دانا، لەوکاتەوە مەسیحیەت لە حەبەشە دەستی بە بڵاوبوونەوە کردو جۆرێک لەپەیماننامەی لێکنزیکبوونەوەو پەیوەندی لەنێوان کڵێسای ئەسکەندرییەو کڵێسای حەبەشە دروست بوو، بۆیە بەتریارکی ئەسکەندرییە ئەسقوف (مەتران)ی حەبەشە دیاری دەکرد.

بەمجۆرە مەسیحیەت لەوڵاتی حەبەشە دەرکەوت و سەرەتا بوو بە ئاینی دەوڵەت، دواتر بوو بە ئاینی خەڵک لەسەر مەزهەبی **مینۆفیستی**(فرقەیەکی ئاینی مەسیحی بوو، لەسەدەی 5ز دەرکەوت، تاکیدیان لەسەر خوایەتی عیسی (سلاوی خوای گەورەی لێبێت) دەکردەوە)، شانشینی مەسیحی حەبەشە بەردەوام بوو هەتاوەکو رووخانی لەسەر دەستی موسڵمانەکان. پاشاو فەرمانڕەوا مەسیحییەکان لەئەفریقیای باشووری بیابان شوێنێکی گەورەیان لەگەیشتن بە پلەی خوداکان بوو و خەڵکیش دڵسۆزی و گوێڕایەڵییەکی کوێرانەیان بۆیان هەبوو.

بەڵام سەبارەت بە وڵاتی نۆبە، لەراستیدا بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لەو وڵاتە جیاواز بوو، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەل میسری مەسیحیدا هەبوو، پاش رووخانی شانشینی مەرەوی لەساڵی 350پ.ز، سێ سەرکردەی نۆبی زمان سێ شانشینیان لەسەر رووباری نیل دامەزراند، لەباکوور شانشینی **نۆباتیا** پایتەختەکەی **فاراس** بوو، لەناوەراست شانشینی **مەقرە** پایتەختەکەی **دونقولا** بوو، لەباشوور شانشینی **عولوە** پایتەختەکەی **سوبا** بوو نزیک شاری خەرتوومی ئێستا. لەناوەڕاستی سەدەی شەشەم لەسەردەمی ئیمپراتۆر **تیۆدۆرا**، قەشە **جولیان** گەیشتە شانشینی نۆباتیا، توانی پاشای نۆباتیاو بنەماڵەکەی رازی بکات ببن بە مەسیحی لەساڵی 545ز، ئەمە سەرەتای مەسیحییەت بوو لەنۆبە.

بەڵام کاتێک فارسەکان لە 616ز خاکی میسریان داگیرکرد، کۆتایی بە پەیوەندی نێوان نۆبەو میسرو سەرپەرشتیکرنی کڵێسای نۆبە لەلایەن کڵێسای ئەسکەندرییەوە هات، دواتریش لە 641 میسر کەوتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکان، ئەمەش بوو بە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان مەسیحیەکانی نۆبەو ناوچەکانی دیکە بە درێژایی چەندین سەدە.

کاتێک موسڵمانان لەسەر دەستی عەمری کوڕی عاص لەساڵی 21ک/ 642ز فەتحی میسریان کرد، سەرباری هەوڵی زۆری سوپاس ئیسلام وڵاتی نۆبە نەکەوتە ژێر دەسەڵاتی موسلمانان، ئەمەش بە هۆی پەیوەست بوونی شانشینەکانی نۆبە بە ئاینی مەسیحییەوە بوو، لەگەڵ ئەوەی

توانیان بچنە ناو شاری دونقولای پایتەختی شانشینی مەقرە، بەڵام بە هۆی بەرگری نۆبیەکان لە پایتەختەکەیان ناچاربوون بکشێنەوە، دوای 10 ساڵ لە ساڵی 31ک/ 651-652ز موسڵمانەکان گەڕانەوە، ئەمجارە مەنجەنیقیان بەکارهێنا، توانیان شاری دونقولا فەتح بکەن و سەرکەوتن بە سەر مەقرەدا بە دەست بهێنن، بەڵام کالدیرون پاشا داوای ئاگربەستی لەموسڵمانەکان کرد کە بە رێککەوتننامەی (**بەقەت**) ناسراوە، ئەم رێککەوتننامەیە بە درێژترین رێککەوتننامەی دەست درێژی نەکردن و هاوسێیەتی باش دادەنرێ لەنێوان دوو هێز لەمێژوودا، کە بۆ ماوەی شەش سەدەی تەواو بەردەوام بوو، ئەم رێککەوتننامەیە دانی نا بە سەربەخۆیی شانشینی مەقرەی مەسیحی، هەروەها مافی ئازادی بۆ هاوڵاتیانی هەردوولا لەهەر دوو وڵات و لەگەڵ چەندین خاڵی دیکەش.

دوای ئەم رێککەوتنە پەیوەندی دۆستانە لەنێوان هەردوولا دروست بوو، بوو بە سەرەتایەک بۆ نیشتەجێبوونی بازرگانە موسڵمانەکان لەوڵاتی نۆبە، هەرچەندە بازرگانەکان هیچ جۆرە بانگەشەیەکیان بۆ ئاینەکەیان نەدەکرد، بەڵام توانیان هەندێک بنەمای سەرەتایی ئیسلام بە نۆبە بناسێنن، کە پێشتر بە تەواوی مەسیحی بوون. گواستنەوەی ئاینی ئیسلام لەلای دەریای سوورو بە رێگای بازرگانە عەرەبە نیشتەجێیەکانی کەنارەکان بوو لەوانە بەندەری **عیزاب** و **موسەوەع**(عیذاب و مصوع)، کە دەگەڕان بە دوای زمروت و ئەڵماسدا لەبیابانی رۆژهەڵاتی وڵاتی نۆبە، کە خاکەکەی بە زەوی کانزاو گەنجینە ناسرا بوو. هاوکات هاتنی عەرەبە بەدەوییەکان لەجەزیرەی عەرەبی و نیشتەجێبوونیان لەوڵاتی بێجا و سوود وەرگرتنیان لەنزیکبوونەوەی سەرۆک و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی بێجا کاریگەری لەسەر گەشە کردنی نفوزی موسڵمانان و قبوڵکردنی ئیسلام لەلایەن خەڵکی ناوچەکە هەبوو، بێگومان ئەمە سەرەتای بە عەرەبکردنی ناوچەکە لەپاڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بوو.

لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا مەترسی لەپەیوەندی نێوان پاشاکانی نۆبە و پاشاکانی میسر دروست بوو، هەردوو شانشینی نۆباتیاو مەقرە بوون بە یەک و بە شانشینی **دونقولا** ناسرا، بەڵام شانشینی عولوە لەباشوور هەر بە سەربەخۆیی مایەوە، لەساڵی 707ز پاشای نوێی دونقولا (**مێرکور**- Mercure) هەوڵی یەکخستنی مەسیحییەکانی نۆبەیدا بە ئامانجی بەهێزکردنی ریزەکانیان، لەمیانەی ئەمەدا کڵێسایەکی لە**فاراس** دروست کردو هەماهەنگی لەگەڵ قبتییەکانی ئەسکەندریە کرد، ئینجا زیندانیکردنی قبتییەکی لەمیسر بە هەلزانی بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر میسرو گەمارۆی **فوستات** بدات، بەڵام دواتر کێشەکە بە ئازادکردنی قبتییەکە چارەسەر کرا.

پاشای دونقولا **زاشاری** سوودی لەشۆڕشی قبتییەکان لەساڵی 831ز لەمیسر وەرگرت، بۆ نەدانی مافی موسڵمانان بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی بەقەت، بەڵام خەلیفەی عەباسی شۆڕشەکەی لەئەسکەندەریە سەرکوتکردو ژمارەیەکی زۆری لەیاخیبووەکان کوشت، لەبەرامبەر ئەمەدا پاشای ئاکسوم لەحەبەشە تۆڵەی لەکەشتییە بازرگانییەکانی موسلمانەکان لەدەریای سوور کردەوەو چەتە مەسیحیەکانیش هێرشیان کردە سەر بەندەری جەدە، موسڵمانەکانیش بەندەری ئادۆولیس و دورگەکانی (دەهلەک)یان (کۆمەڵە دورگەیەکن لەدەریای سوور ئێستا سەر بە ئەریتریان) داگیرکرد.

لەساڵی 1317ز لەسەردەمی مەمالیکەکان، (**زاهیر بێبرس**) کۆتایی بە شانشینی مەقرە هێناو دونقولای پایتەختی داگیرکرد، ئینجا هەموو کڵێساکانی گۆڕی بۆ مزگەوت بەمەش کۆتایی بە مەسیحیەت لەناوچەکە هات، دوای ئەوە عەرەبەکان ڕوویانکردە شانشینی عولوەو خێڵە عەرەبەکان بەسەرکردایەتی **عەبدوڵلا جەماع**، کە هاوپەیمانیان لەگەڵ **فونج** بە سەرکردایەتی **عەمارە** هەبوو، هێرشیانکردە سەر شانشینی عولوەو ڕووخاندیان، بەم شێوەیە لەساڵی 1504ز سودان وەکو هێزێکی ئیسلامی عەرەبی نوێ دەرکەوت، کە خۆی لەشانشینی فۆنج دەبینیەوە لەژێر فەرمانڕەوایی سوڵتان **عەمارە دۆقنیس**، وەزیرەکەشی **عەبدوڵلا جەماع**، سنووری شانشینی فۆنج ناوچەکانی سودان و دۆڵی نیل بوو، هەروەها وشەی فۆنج یان فنج ئاماژەیە بۆ دانیشتوانە ڕەش پێستەکەی کە لە ناوچەی نیلی شین لە باشووری سودان دەژیان.

## - <u>بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ئەفریقیای باشووری بیابان:</u>

### یەکەم/ ڕێگاکانی پەڕینەوەی ئیسلام بۆ ئەفریقیای باشووری بیابان:

ئاینی ئیسلام لەرێگای چەند دەروازەیەکەوە گەیشتە ئەفریقیا، ئەوانیش ڕێگەی ڕۆژهەڵات و سودانی ناوەراست و ڕۆژئاوا بوون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەو ڕێگایانەی ناوچەکانی عەرەبی بە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا دەبەستەوە، لەسەردەمی پێش هاتنی ئیسلام بەر لەرێگاکانی دیکە بەکارهاتبوو، دیارە نزیکی شوێنی جوگرافی و نەبوونی بەربەستی سروشتی بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو لایەنە ڕۆڵی لەبوژانەوەی ئەم ڕێگایانەدا هەبووە، تەنها دەریای سوور ناوچەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیای لێک جیاکردبووەوە، کە ئەویش گەروویەکی تەسکە بۆ عەرەبەکان پەڕینەوە لێی ئاسان بووە، بەتایبەتیش کە ئەوان بەلەمیان بۆ پەڕینەوە بۆ ئەفریقیا بەکاردەهێنا.

هەروەها زانیاریان لەبارەی نهێنی بای وەرزی زەریای هیندی رۆڵی هەبوو لەگەیشتنیان بە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا، کەشتییەکانیان بە ئاراستەی باشووری رۆژئاوا دەبرد، دواتریش بە ئاراستەی باکووری رۆژهەڵات دەگەڕانەوە، هەروەها زانیاریان لەئەستێرەناسی و بەکارهێنانی قیبلەنما یارمەتیدەر بوو بۆ گەشتە دەریاییەکانیان و گەیشتنیان بە کەناراوەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا.

ئەو لایەنە ئیجابییە جوگرافی و زانستیانە وایکرد کە عەرەبەکان دواتریش موسڵمانەکان پێش ناوچەکانی دیکەی ئەفریقیا بگەن بە رۆژهەڵاتی کیشوەرەکە، لەرۆژئاواو ناوەراستی ئەفریقیا بیابانی گەورە بەربەستێکی سروشتی گەورە بوو لەنێوان رۆژئاوای ئیسلامی و کیشوەری ئەفریقیا، بەڵام گەیشتنی ئیسلام بە دەروازەی بیابانی گەورەو رۆڵی بازرگانە موسڵمانەکانیش کە ئاینی ئیسلامیان گەیاندە رۆژئاواو ناوەراستی ئەفریقیا، بە جۆرێک زۆر فراوانتر لەرۆژهەڵات بڵاوبووەوە. دەکرێت پەڕینەوەی ئیسلام بۆ ئەفریقیا لەچەند خاڵێکی سەرەکیدا دەست نیشان بکەین، ئەوانیش:

1- رێگای بەستنەوەی یەمەن بە رۆژهەڵاتی ئەفریقیاو گەیشتن بە کەنارەکانی مەقدیشۆو لامۆو باتاو مونبەساو زەنجبارو کلوەو سوفاله.

2- رێگای بەستنەوەی سودانی رۆژئاوا بە مەغریب، کە بە شاری سیجیلماسە کە شارێکی گەورەی بازرگانی مەغریب بوو، بە رێگای بیابان دەگەیشتن بە شاری ئۆداغست کە دەکەوێتە سەر لێواری باشووری بیابان و لەوێوە بۆ شارەکانی دیکەی رۆژئاوای سودان.

3- رێگای بەستنەوەی مەغریبی ناوەراست(جەزائیر) بە سودانی رۆژئاوا، کە لە شاری (تاهرت) دەستی پێدەکرد بەرەو مێرگەکانی (وارقلان)، پاشان دەگەیشت بە شاری تەدمەکە (سوق)(دەوڵەتی مالی) و لەشاری جەوی لەسەر رووباری نێیجر کۆتایی دەهات، وادیارە زۆربەی ئەوانەی ئەم رێگایەیان بەکارهێناوە بازرگانەکانی **ئیبازییە** بوون.

4- رێگای بەستنەوەی تەرابلوس بە سودانی رۆژئاوا، لەشاری غەدامس (لیبیا) و تەدمەکەوە بۆ رووباری نێیجر، لقێکی گرنگی ئەم رێگایە تەرابلوسی بە سودانی ناوەراست دەبەستەوە بە تێپەڕبوون بە بیابانی فەزان(باشووری رۆژئاوای لیبیا).

5- رێگای بەستنەوەی میسر بە وڵاتی سودان، کە لەمیسرەوە دەستی پێدەکرد بۆ بێجاو نۆبە، دەگەیشت بە (دونقولا)و (سوبا)ی پایتەختی شانشینی عولوەی نۆبی.

## دووەم/ ئامرازو هۆییەکانی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەئەفریقیای باشووری بیابان:

مەسەلەی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەئەفریقیا یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی توێژەران لە مێژووی ئەم کیشوەرەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی، ئەم بابەتە مشتومڕی زۆری لەنێوان مێژوونووسان دروستکردووە، بەشێکی زۆریان بەتایبەتی رۆژهەڵاتناسەکان، پێیانوایە بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە زەبری شمشێر بووە، بەپێچەوانەوە زۆربەی مێژوونووسە موسڵمانەکان لەو بڕوایەدان کە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەئەفریقیا لەئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر بووە کە زۆربەیان دوورن لەبەکارهێنانی شمشێرو هێز، لێرەدا بەکورتی گرنگترین ئەو هۆکارانە دەخەینە روو، کە کاریگەریان لەسەر بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەکیشوەری ئەفریقیادا هەبووە. ئەوانیش (**فاکتەرە بابەتییەکان، بازرگانی، فێرخوازان و بانگخوازان، کۆچکردن، تەریقەتی سۆفیگەری**).

1) **بازرگانی:** بازرگانە موسڵمانەکان کۆڵەکەی سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بوون لەکیشوەری ئەفریقیا بەتایبەتی لەناوچەی سودانی رۆژئاوا کە وایانکرد خەڵکی بێنە سەر ئاینی ئیسلام، ئەمەش بەهۆی رەفتاری باش و راستگۆیی و پاراستنی ئەمانەت و پارێزگاریکردن لەمەسەلە ئاینی و عەقیدەییەکان بوو، رەنگە زیادەڕۆیی نەبێت گەر بڵێین لەهەر شوێنێک بازرگانە موسڵمانەکانی پێ گەیشت بێت ئیسلام لەو شوێنەدا بڵاوبووەتەوە، ئەوان بە شێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ بانگەوازیان بۆ ئاینەکەیان دەکرد، لەرێی تێکەڵبوون و مامەڵەکردن لەگەڵ بازرگانە نا موسڵمانەکان، بە هەڵسوکەوتی باش و راستگۆیی لەمامەڵەدا وێنەی جوانی ئیسلامیان پیشاندەدان و سەرنجیان بۆ ئاینی ئیسلام رادەکێشان.

ئیسلام لەرێگای بازرگانییەوە بە تەواوی کیشوەری ئەفریقیادا بڵاوبووەوەو موسڵمانان توانیبوویان خۆیان بگەیننە زۆربەی ناوچەکانی کیشوەرەکە، چەندین بنکەی بازرگانیان دامەزراندو تێکەڵ بە دانیشتوانی ناوچەکە بوون، دەوڵەمەندی کیشوەرەکەو بەرهەمهێنانی چەندین کاڵا بەتایبەتی زێڕ کاریگەری لەسەر راکێشانی بازرگانە موسڵمانەکان هەبوو، بازرگانە موسلمانەکان بە رێگای بیاباندا، لە ناوەندەکانی باکوور وەکو **تەرابلوس** و **فەزان** و **تاهرت** و **سیجیلماسە**و **فاس** بۆ **تومبەکتۆ** و **ئۆداغست** و **غانە** و شارەکانی دیکە گەشتیان دەکرد، لەئەنجامی ئەو پەیوەندییە بازرگانیانە ژمارەیەک لەبازرگانە موسڵمانەکان لەشارەکانی سودان نیشتەجێبوون و مزگەوت و قوتابخانەیان بنیاتنان، ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی.

هەروەها لەرۆژهەڵاتی ئەفریقیا بازرگانە یەمەنییەکان زۆر زوو لەم ناوچەیەدا بوونیان هەبوو و لەوڵاتی سۆماڵ و حەبەشە بڵاوبووبونەوەو بانگەشەی ئاینی ئیسلامیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین چاکەی(فەزڵی) بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەحەبەشە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی بازرگانە موسڵمانەکانی میسر، هەروەها خەڵکی کانم لەدەورووبەری دەریاچەی **چاد** کە زۆر پابەندی ئاینی ئیسلام بوون و خۆیان بە داکۆکیکاری ئیسلام دەزانی، ئەمە یارمەتیدەر بۆ سەرکەوتنی موسڵمانەکان‌و ئەوەبوو حەبەشە لەسەدەی 17ز دابەشبوو بەسەر چەند میرنشینێکی لاواز، چینە هەژارەکان زۆربەیان موسڵمان بوون، لەسەردەستی کارمییەکان (کانمییەکان) زۆربەی خێڵەکانی حەملاو سۆماڵ هاتنە سەر ئاینی ئیسلام، هەروەها ئیسلام گەیشتە سۆماڵ و کینیاو تەنزانیا بە هۆی هەوڵو چالاکییەکانی بازرگانە عومانییەکان، وە لەرێی بازرگانە عەرەبەکان ئیسلام گەیشتە **ئۆگەندا** لەنیوەی یەکەمی سەدەی 19ز دا، هەروەها بازرگانەکان رۆڵێکی گەورەیان لەبڵاوکردنەوەی ئیسلام لەوڵاتی **هاوسا**(باکووری نیجیریاو بەشێک لەنیجەر) هەبوو، کە گەشتەکانیان لەکەنارەکانی غاناوە بۆ قاهیرە درێژ دەبووەوە، تەنانەت کاریگەریان لەسەر زمانی خەڵکی ناوچەکەش هەبوو، بە جۆرێک زمانی هاوسا بوو بە زمانی بازرگانی خەڵکی سودان، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زمانی هاوسا بازنەی بانگەوازی ئیسلامیش فراوان بوو.

2) **کۆچکردن:** کۆچی موسڵمانان بۆ ئەفریقیا رۆڵێکی گەورەو گرنگی لەبڵاوکردنەوەی ئیسلام لەو ناوچانەدا هەبوو، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) داوای لەموسڵمانان کرد کۆچ بکەن بۆ حەبەشەو ماوەیەک موسڵمانە لەپێشینەکان لەوێ ژیاون، کۆچکردن بۆ حەبەشەو ئەو پەیوەندییە بازرگانییەی پێش ئیسلام هەبوو، دوای هاتنی ئیسلامیش بەردەوامبوو، کۆچەرو بازرگانەکان لەگەڵ خۆیان ئیسلامیان بۆ ئەفریقیا برد، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی حیجازو یەمەن چوونە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیاو دواتریش بەرەو ناوچەکانی ناوەوەی ئەفریقیا رۆیشتن، لەناوەراستی سەدەی چوارەمی کۆچیشدا کۆچێکی گەورەی دیکە کە لەوەی پێشوو گەورەتر بوو گەیشتە باشووری **مەقدیشۆو** لەوێ نیشتەجێبوون. هەروەها بەهۆی هێرشی مەغۆل و داگیرکردنی **شیراز**، حاکمی شێراز بە 1200 پیاوەوە بە رێگای دەریا بەرەو کەناری زنج رۆیشتن، توانیان کۆنترۆڵی کەنارەکە بکەن و شانشینی **زنج** دابمەزرێنن و دەست بەسەر چەندین ناوەندو دورگە دابگرن. بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەباشووری ئەفریقیا لەرێگای کۆچکردنی کۆمەڵێک لەخەڵکی مالایۆو ئیندۆنیسیاو سیلان و نیمچە کیشوەری هیندی بوو، کۆچەرەکان توانیان کۆمەڵێک ناوەندی (وەکالاتی) بازرگانی لە کەناری

ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا دابمەزرێنن، لەوانە: **مەقدیشۆو مۆزەمبیق**، هەروەها لەسەردەمەکانی دواترو لەسەدەی 13ز کۆچی دیکە لەدورگەی سۆمەترەو کەنداوی فارسی هەبوون.

## سێیەم/ بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەئەفریقیای باشووری بیابان:

### 1) لەسودان و دۆڵی نیل:

#### أ- وڵاتی بێجا:

بێجا لەکۆنەوە ناوچەیەکی ئاوەدانی ئەفریقیای باشووری بیابان بووە، باب و باپیرانیان لە حامییەکان لەنیمچە دوورگەی عەرەبییەوە بە دەریای سوور پەڕیبوونەوە بێجا، لەگەڵ میسرییە کۆنەکان یەکیان گرت و بوونە یەک بنەماڵە(سولالە)، وە پێش ئەوەی ئیسلام بگاتە ناوچەکە وڵاتی بێجا بە چەندین قۆناغی مێژوویی تێپەڕ بووەو دانیشتوانەکەی پەیوەندیان بە دانیشتوانی دۆڵی نیلەوە کردووە، لەو ناوچەیە شارستانیەتیان دامەزراندووەو فێری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون.

خێڵە حامییەکانی نیشتەجێی باشووری میسر ناویاننا وڵاتی بێجا، ئەم ناوچەیە کەوتووەتە نێوان ئەسوان لەباکوورو بانی حەبەشە لەباشوورو دەریای سوور لەڕۆژهەڵات و ڕووباری نیل و ئەتبەرە لەڕۆژئاوا، هەروەها دیمەشقی دەڵێ دوو بەشن: حەداربە لە شاری هەجرە نیشتەجێن، زەنافیجە لەشاری نەقلین نیشتەجێن. خەڵکی بێجا خەڵکێکی سروشت توند و ڕەش پێست و بتپەرست بوون و زۆربەیان ڕووت و بێ جلوبەرگ بوون، بە زمانی **تەبداوی** (بەشێکە لە زمانی کوشی و پەیوەندی لەگەڵ هیرۆگلیفی هەیە) دەدوان، بەڵام دوای هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکە و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ عەرەب زمانی عەرەبی زاڵبوو بەسەر زمانەکەیان.

سەرەڕای نزیکی وڵاتی بێجا لەمیسر لەسەردەمی ئیسلامدا، زانیاری زۆرمان لەسەرچاوەکانی جوگرافیناس و مێژوونووسە موسڵمانەکان دەست ناکەوێت، دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خێڵەکانی ناوچەکە خێڵی کۆچەر بوونەو هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی ئیداریان نەبووە.

پەیوەندی نێوان موسڵمانان لەمیسرو وڵاتی بێجا لەسەدەی (1)ک ئارام و جێگیر بووە، بەڵام لەساڵانی سەرەتای سەدەی 2ی کۆچی هێرشی بێجا بۆ سەر سەعیدی میسر دەبینین، کە بە ڕێککەوتنی ئاشتی لەساڵی 107ک – 725ز کۆتاییهات، لەمەرجەکانی ڕێککەوتننەکە دەبوایە بێجا ساڵانە 300 وشتر بداتە موسڵمانان بۆ ئەوەی ڕێگایان پێ بدرێت بچنە خاکی میسر بێ ئەوەی

لەوێ نیشتەجێبن، هەروەها کوشتنی موسلمان و غەیرە موسڵمان قەدەغەکرا، جگەلەمە گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کۆیلانەی کە لای موسلمانەکان رایانکردبوو.

بەڵام لەساڵی 116ک – 734ز والی میسر **عوبەیدوڵلای کوڕی حەبحاب** شاڵاوێکی بە سەرکردایەتی **حەبیبی کوڕی ئەبی عەبدەی کوڕی عوقبەی کوڕی نافع** ئەنجامداو گەیشتە نزیکی وڵاتی سودان، ئەم شاڵاوە بووە هۆی دیاریکردن و رێکخستنی سنووری ناوچەکە، دواتر ڕێککەوتنی ئاشتی لەنێوان هەردوولا واژووکرا کە بووە هۆی کرانەوەی ئەم وڵاتە بە رووی عەرەبە موسڵمانەکانداو دەستیانکرد بە ناردنی چەند شاندێک بۆ گەڕان بە دوای کانزادا، کاری بازرگانیان لەنێوان میسرو رۆژهەڵاتی ئەفریقیادا دەکرد، هەروەها لەناوچەکە نیشتەجێبوون و تێکەڵاوی خەڵکی بێجا بوون، دواتریش عەرەبەکان لەوێ گەیشتن بە دەسەلات.

ئەم پەیماننامەیە پەیوەندی نیوان هەردوولای بۆ ماوەی سەدەیەک رێکخست و هەتا ساڵی 216ک – 841ز بەردەوامبوو، هەتا ئەوکاتەی بێجا هێرشی کردە سەر شاری **ئەسوان** و دەوروبەری، دوای ئەوەی والی ئەسوان خەلیفە (**مەئمون**) خەلیفەی عەباسی لەهێرشەکە ئاگادارکردەوە، خەلیفەش شاڵاوێکی ئامادەکرد بە سەرکردایەتی (**عەبدوڵلای کوڕی جەهم**)و توانی بێجاییەکان ناچار بکات پەیماننامەی ملکەچ بوون لەگەڵ موسڵمانان واژوو بکەن، کە لە لایەن فەرمانڕەواکەیان (**کەنونی کوڕی عەبدولعەزیز**) واژووکراو چەند بەندێکی لە خۆگرتبوو:

1- ناوچەی نێوان شاری ئەسوان لەمیسر بۆ بەندەری دەهلک بۆ موسڵمانان و خەلیفە مەئمونی کوڕی هارونە رەشید دەبێت، هەروەها کەنونی کوڕی عەبدولعەزیز و هەموو خەڵکی بێجا دەبێت ببن بە کۆیلەی خەلیفە، لەبەرامبەردا رێگا بە کەنون دەدرێت حوکمی وڵاتەکەی بکات.

2- لەسەر بێجایە ساڵانە باج بە موسڵمانان بدات کە پێشتریش ئەو باجە دەدراو بریتییە لە 100 حوشتر یان 300 دینار بۆ بەیتومالی موسڵمانان.

3- لەسەر وڵاتی بێجایە بە خراپی باسی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام نەکات، هەروەها لەموسڵمانان نەکوژن جا ئازاد بێت یان کۆیلە.

4- مافی بێجا نیە داڵدەی کۆیلەی هەڵاتووی موسلمانان بدات یان دووچاری مەترسی بێت تا دەنێردرێتەوە بۆ وڵاتەکەی.

5- پێویستە ژیانی ئەو کەسانەی لەموسڵمانان وەکو بازرگان و نیشتەجێ و حاجی و ڕێبوارو کرێکار دەچنە وڵاتی بێجا پارێزراو بێت.

6- هیچ کەسێک ڕێبوار یان بازرگان بێت مافی نییە لەبێجاوە بە چەکەوە بچێتە شارو گوندەکانی سەعیدی میسر.

7- نابێ بێجا هیچ مزگەوتێک کە موسڵمانان لەو وڵاتە دروستیان کردووە تێکبدات.

بەڵام لەساڵی 241ک / 855ز بێجا خۆی لەدانی باج بە سوڵتانی میسر بە دوورگرت، کە بریتیبوو لە 400 مسقال زێری خاوێن و تەواو (خالص)، هەروەها هێرشی کردە سەر عەرەبە موسڵمانەکان کە لەدەرهێنانی کانزاکان کاریان دەکردو ئافرەتەکانیان کوشتن و سوکایەتیان پێکردن، بەردەوامبوون لەئازاردانی موسڵمانان و تەنانەت مەترسی لەسەر موسڵمانەکانی سەعیدی میسریش دروستبوو، ئەمەش خەلیفەی عەباسی **موتەوەکلی** (232- 246ک / 846- 861ز) ناچارکرد سوپایەک بە سەرکردایەتی **موحەمەدی کوڕی عەبدوڵلای ئەلقەمی** بنێرێت بۆ شەڕکردنیان، ئەویش پەیوەندی کرد بە عەرەبە موسڵمانەکانی وڵاتی بێجاو پلانێکی سەربازی زیرەکانەی داڕشت، کە بریتیبوو لەئامادەکردنی حەوت کەشتی پڕ لەخۆراک و ئاو و پێداویستی و ناردنیان بۆ دەریای قەلزەم (**دەریای سوور**) لەنزیک ئەو شوێنەی موسلمانەکان شەڕی بێجا دەکەن، هەر کە سوپای موسڵمانان گەیشتە ناوچەکە، سوپای بێجا بە سەرکردایەتی (**عەلی بابا**) هەوڵیدا بە سوود وەرگرتن لەهیلاکی سوپای موسڵمانان کەلوپەلەکانیان لەناوببات، بەڵام پلانەکەی موحەمەد ئەلقەمی سەرکەوتوو بوو و توانی سوپای بێجا ببەزێنێ و سەرکردەکەیان (**عەلی بابا**) بکوژێت، بەمەش ناچاری کردن ئەو باجە بدەن کە نەیاندابوو بە موسڵمانان، وە پابەندبوون بەو بەڵێنەی پێشتر بە موسڵمانەکانیان دابوو.

لەوانەیە ئەم پەیماننامەیە ڕۆڵێکی کاریگەری بینیبێت لەئاراستەکردنی خێڵە عەرەبەکانی نیشتەجێی میسر بەرەو وڵاتی بێجا، خێڵی **هەوازن** لەناوچەکە ئامادەبوونێکی زۆر باشیان هەبوو، بەشێکیش لەهۆزەکانی **جوهەینە**و **ڕەبیعە** کۆچیان بۆ بێجا کردو لەوێ جێگیربوون و کاریان لەدەرهێنانی زێڕو کانزاکانی دیکەدا دەکرد، بەڵام گەورەترین کۆچ لەسەردەمی **دەوڵەتی تولۆنی** لەمیسر بوو، کاتێک دەوڵەت پشتیوانی لەو پرۆسەی کۆچانە دەکردو داوای لەخێڵەکان دەکرد کۆچ بکەن بۆ وڵاتی بێجا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشانەی بێجا دەیکردە سەر میسر، **ئەحمەدی**

**کوڕی تولۆن** (254- 270ک / 868- 880ز) بۆ مەبەستی راگرتنی ئەم هێرشانەو هاوکات رزگاربوون لەو خێڵە عەرەبانەی بەردەوام لەدەسەلاتی تولۆنی یاخی دەبوون، شالاوێکی گەورەی بۆ سەر ولاتی بێجا ئەنجامدا.

شالاوەکە لەسالی 255ک / 869ز بە سەرکردایەتی (**ئەبو عەبدولرەحمان عەبدوللا کوڕی عەبدولحەمید ئەلعومەری**) بەئاراستەی ولاتی بێجا ئەنجامدرا، ئامانجی بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی گەورە بوو و پلانیشی هەبوو هەموو ئەوانەی کە بۆ شەڕ هاتوون لەو ولاتەدا بمێننەوە، ئەلعومەری داوای لە والی شاری **ئەسوان** کرد رێگە بە بازرگانە موسلمانەکان بدات گەشت بۆ ولاتی بێجا بکەن، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ رۆیشتنی ژمارەیەکی زۆر بازرگان بۆ بێجاو رۆلیان لەبلاوکردنەوەی ئیسلام و گواستنەوەی شارستانیەتی عەرەبی و ئیسلامی لەو ولاتە بینی.

ئەم شالاوە رێگەی بۆ هاتنی چەندین خێڵی گەورەی عەرەبی بۆ ئەو ولاتە خۆشکرد، لەوانە خێڵەکانی **جوهەینەو رەبیعەو بلاو** ...هتد کە لەبێجا نیشتەجێبوون و تێکەڵ بە دانیشتوانەکەی بوون، لەئەنجامدا شەڕو پێکدادان لەنێوان عەرەب و بێجاییەکان روویدا، ئیدی بە سوود وەرگرتن لەو سیستەمە کۆمەلایەتییەی لەو ولاتەدا پەیرەو دەکراو لەسەر بنەمای میراتی حوکم بۆ کوڕی کچ یان کوڕی خوشکە کە لەو رێگایەوە عەرەبەکان دەبوون بە فەرمانڕەوای بێجا.

## ب- ولاتی نۆبە:

دوای ئەوەی موسلمانان فەتحی میسریان کردو لەوێ نیشتەجێبوون، بۆ ئەوەی سنووری باشووری خۆیان بپارێزن، شالاوێکیان بە سەرکردایەتی **عەبدوللای کوڕی سەعد کوڕی ئەبی سەرح** لەسالی 21 ک کردە سەر ولاتی نۆبەو پایتەختەکەی دونقولا، بەلام سەرکەوتوو نەبوون، رەنگە هۆکاری سەرەکی ئەم شکستە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نەیانزانی تواناى دوژمن چەندە، هەروەها ژمارەی زۆری نۆبییەکان و توانایان لەهەلدانی رم بەتایبەتی نیشانەکردنی چاوی هێرشبەرەکان رۆلی لەکشانەوەی هێزەکانی موسلمانان و تەواو نەکردنی فەتحی نۆبە هەبوو.

بەلام ئەم کشانەوەیە بووە هۆی ئەوەی موسلمانان بۆ جەنگێکی دیکە باشتر خۆیان ئامادە بکەن، ئەوەبوو لەسالی 31ک سوپایەک بە سەرکردایەتی هەمان سەرکردە (**عەبدوللای کوڕی سەعد**) ئامادەکرا، ئەمجارە بە مەنجەنیق هێرشیانکردە سەر قەلاکانی نۆبییەکان و ناچاریانکردن خۆیان بەدەستەوە بدەن و داوای ئاشتی لەموسلمانەکان بکەن، سەرئەنجام رێککەوتننامەی (بەقەت)

لەنێوان هەردوولا واژووکرا کە نزیکەی شەش سەدە بەردەوامبوو و ئەم خاڵانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:

1- بەڵێن بە نۆبییەکان دەدرێت کە شەڕیان لەگەڵدا نەکەن تا ئەوکاتەی ئەم پەیمانە دەپارێزن.

2- رێگە بە خەڵکی نۆبە دەدرێت بێنە میسر بەڵام نابێت نیشتەجێبن.

3- لەسەر نۆبییەکانە پارێزگاری لەموسڵمانەکان بکەن کاتێک دێنە نۆبە تاوەکو لێی دەردەچن.

4- هەر کۆیلەیەکی هەڵاتووی موسلمانان بچێتە نۆبە رادەست دەکرێتەوە، وە نابێت رێگری لەکەس بکرێت کە بیەوێت بیانگەڕێنێتەوە.

5- دەبێت نۆبە پارێزگاری لەو مزگەوتانە بکات کە موسڵمانەکان لەدەوروبەری شاری دونقولای پایتەخت دروستیان دەکەن، وە رێگری نوێژ لەنوێژخوێنان نەکرێت.

6- موسڵمانان هیچ بەرپرسیاریەتێکیان نییە بۆ پارستنی خاکی نۆبە لەهەر دەستدرێژییەکی دەرەکی.

7- نۆبە هەموو ساڵێک (360) سەر کۆیلە دەدات بە موسڵمانان، بە مەرجێک نابێت منداڵ یان بەساڵاچووبن، لەبەرامبەریشدا خۆراک لەمیسر وەردەگرن.

8- لەحاڵەتی پابەند نەبوون بەم مەرجانە، پەیماننامەکە هەڵدەوەشێتەوە.

9- هەردوو لایەن کۆمەڵێک بەڵێنیان داوە کە باوەڕیان پێی هەیە بۆ پاراستنی ئەم پەیماننامەیە.

ئەم پەیماننامەیە پەیوەندی نێوان نۆبییەکان و موسلمانەکانی بۆ ماوەی شەش سەدە رێکخست، دڵنیابوونیان لەیەکتری سوودو بەرژەوەندی بۆ هەردوولا هەبوو، سەرەڕای ئەوەش لێبوردەیی ئیسلام لەگەڵ ئاینەکانی دیکە رۆڵی لەهەموارکردنەوەی ئەم پەیماننامەیە هەبوو، جێی باسە دوو هەموارکردنەوەی گرنگی ئەم پەیماننامەیە هەبوون، یەکەمیان لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی (**مەهدی**) (159- 169ک / 775- 785ز)، کە بە گوێرەی ئەم هەموارکردنەوەیە رێککەوتن لەجیاتی هەموو ساڵێک هەموو سێ ساڵ جارێک باج بدەن بە خەلیفە، هەروەها ئەوەش زیادکرا کە نۆبە ئاژەڵی زەرافە دەدەن بە موسڵمانان کە ئاژەڵێکی نامۆ بوو لای عەرەب و لەوڵاتەکەیاندا نەبوو، لەگەڵ هەندێک لەئاژەڵی کێوی و ئاژەڵیماڵی دیکە.

بەڵام هەموارکردنەوەی دووەمی پەیماننامەکە لەکاتی سەردانیکردنی شازادەی جێنشین (ولی عهد)ی نۆبە (**جۆرجی کوڕی زەکریای کوڕی یەحنس**) بۆ بەغدا بوو، لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی **موعتەسیم** (218- 227ک – 833- 841ز)، کە لەوکاتەدا میسر دووچاری گرژی و ئاڵۆزی ببوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی خەلیفە ناوی عەرەبەکانی میسری لە دیوانی سەربازی لابرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەفەرمانی خەلیفە دەربچن، هەروەها خەلیفە دەیویست گرژی نێوان موسڵمانان لەمیسرو نۆبە کەم بکاتەوە، بۆیە کاتێک وەلی عەهدی نۆبە داوای دیداری لێکرد، خەلیفە رازیبوو و پێشوازییەکی گەرمی لێکردو دیاری زۆری پێ بەخشی، رازیبوو بە گەڕانەوەو پابەندبوون بە پەیماننامەی **بەقەت** و ناردنی خۆراک و پێداویستی بۆ نۆبە، لەبەرامبەر وەرگرتنی کۆیلە، هەروەها خەلیفە رازیبوو بە جێگیرکردنی دانی باج لەلایەن نۆبە هەموو سێ ساڵ جارێک.

دامەزراندنی دەوڵەتی مەمالیک لەمیسر لەساڵی (648ک / 1250ز) رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە لەناوچوونی شانشینی مەسیحی لەوڵاتی نۆبە، بەتایبەتی دوای ئەوەی مەملوکەکان عەرەبەکانیان لە دەسەڵات و سوپا دوورخستەوە، ئەمەش وای لەچەندین خێڵ کرد بۆ وڵاتی نۆبەو بێجا کۆچ بکەن، هەروەها لەسەردەمی مەملوکەکان لەساڵی (675ک – 1276ز) شاڵاوی سەربازی کرایە سەر نۆبەو بووە هۆی کۆتاییهاتنی قەوارە سیاسییە سەربەخۆیەکەی نۆبە، مەملوکەکان حاکمێکیان لەنۆبە دانا بەناوی (**شاکەندە**) کە جێگری سوڵتانی مەملوکی بوو لەنۆبە، سەرباری ئەمە دابەشبوونە سیاسییەکانی ناوخۆی نۆبە رۆڵی گەورەی بینی لەنەمانی یەکجاری شانشینەکە لەساڵی (722ک / 1322ز)، ئیتر دەسەڵات کەوتە دەست عەرەبە موسڵمانەکان لە بەنی رەبیعەو دەوڵەتی کنوزی ئیسلامیان دامەزراند.

شایانی باسە لەگەڵ زیادبوونی موسڵمانەکان لەنۆبە یەکێتییەک بە رابەرایەتی (**عەبدوڵڵای کوڕی جەماع**) سەرۆکی خێڵی **عەبدلاب** دامەزرا، کە توانی شانشینی عولوەی مەسیحی لەناوەراستی سەدەی 9ک / 15ز لەناوببات.

هاوکات گروپێکی دیکەی عەرەبی حوکمی نۆبەیان کرد، کە ئەویش فۆنج بوو کە هاوبەشیان لەگەڵ عەبدلاب کرد، ناوچەی نێوان نیلی سپی و شین تا دەگاتە حەبەشە سنووری شانشینی فۆنج بوو بە سەرۆکایەتی (**عەمارە دۆقنیس**) لەسەدەی9ک / 15ز، عەمارە دۆقنیس بە جۆرێک دەوڵەمەند بوو هەر کەسێک هاتبووایە وڵاتەکەی زێرو کۆیلەی پێشکەش دەکرد، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە لەرەچەڵەکی بچووبایەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، بەڵام عەبدوڵڵا جەماع بوو بە

فەرمانڕەوای ناوچەکانی باکووری سودان هەتاوەکو سنووری میسر بەناوی سەرۆک خێڵی عەبدلاب (مەشیخەی عەبدلاب) ناسرا.

هەروەها شانشینێکی دیکە لەناوچەکە دامەزرا بە ناوی (دارفۆر) بە سەرکردایەتی پیاوێک لە هۆزی بەنی هیلال بەناوی (سولەیمان سولونج)، کە هاوسەرگیری لەگەڵ کچی فەرمانڕەوای دەوڵەتێکی بت پەرست کرد، ئەم شانشینە ماوەی حوکمڕانی (1638- 1875ز) بوو، یەکێک لە ئەنجامەکانی بڵاوبوونەوەی خێڵی ڕەبیعەی عەرەبی لە وڵاتی بێجاو نۆبە، هاوسەرگیری کوڕانی بەنی ڕەبیعە بوو لەگەڵ کچانی بێجاو نۆبە، بووە هۆی ئەوەی دەست بەسەر حوکم دابگرن و میرنشینی ئیسلامی لەم ناوچەیە دابمەزرێنن.

## 2) لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا:

بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لەسەدەی (1)ک/ 7ز لەسەردەستی بازرگان و کۆچەرە عەرەبەکان بوو، کە بەشێوەیەکی فراوان لەناوچەکە بڵاوبوونەوە، کە مەبەستیان بانگەواز بۆ بیروباوەڕی ئیسلام، یان گەڕان بەدوای سەرچاوەی بژێویدا بوو، یاخود ڕایاندەکرد لەدەست زوڵم وستەم یان بەهۆی داتەپین و قەیرانە سیاسییەکان بوو، سەرباری ئەوەش هەندێک لەجەنگاوەرە عەرەبەکان بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی میسر چوونە سودان بە مەبەستی ناساندنی ئیسلام و عەرەب بە سودانیەکان، جێی باسە کۆچی بەردەوامی عەرەبەکان بە پاڵنەری جیاواز بۆ ئەم ناوچانەو جێگیربوونیان، ڕۆڵی یەکەم و کاریگەری لەگەیشتنی ئیسلام بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا هەبوو. لێرەدا هەوڵدەدەین چارەنووسی ئیسلام و عەرەبەکان لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا ڕوونبکەینەوە.

کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لەکەناری (بنادر)ی سۆماڵ لەباکوورەوە بۆ کەناری مۆزەمبیق، هەتا سەرەتای ڕووباری زامبیزی لەباشوور درێژ دەبێتەوە، هەروەها چەندین دوورگە کەوتوونەتە سەر ئەم کەنارە. زۆر ئەستەمە چوارچێوەیەک دابنێین بۆ دەستنیشانکردنی ژیانی موسڵمانەکان و شارستانیەتیان لەکەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، چونکە ئەمە بابەتێکی ئاڵۆزو فراوانەو چەندین سەدەی خایاندووە، بەڵام ئێمە لێرەدا جەخت لەسەر لایەنە سەرەکییەکانی ئەم بابەتە دەکەینەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ سروشتی هەبوونی موسڵمانەکان لەکەناری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، بە درێژایی کەنارەکەو دوورگەکانی بەرامبەری بڵاوبوونەتەوەو لەشارو بەندەرە بازرگانییەکان جێگیربوون، بۆیە دەبینین زۆرێک لەشارەکانی سەر کەنارەکان لەلایەن موسڵمانەکان دامەزراون.

لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، ئیسلام لەکەنارەکانی رۆژهەلات بڵاوبووەوە، لەسەردەمی خەلیفە **عومەری کوڕی خەتاب** (رەزای خوای لەسەر بێت) ئیسلام لەو ناوچەیە بڵاوبووەتەوە. دەوڵەتی ئەمەویش گرنگییەکی ئاشکرای بە کەناری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا دەدا، لەپێناو پاراستنی بازرگانی لەدەریای سوورو زەریای هیندی، لەو رۆژگارەدا ئەمەوییەکان چەندین وێستگەی بازرگانیان بۆ دابینکردنی دڵنیایی و سەلامەتی لەسەر کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا دامەزراند، خەلیفە **عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان** کۆمەڵێک لەعەرەبەکانی خەڵکی شامی لەو کەنارە نیشتەجێکرد، کە شاری (**لامۆ**) و چەندین ناوەندی بازرگانیان دامەزراند، هەروەها بنکەیەکیان لەدوورگەی (**زەنجبار**) دامەزراندو دەستیان بە چالاکی بازرگانی لەزەریای هیندی کرد، ئەم گروپە سەرکەوتووبوون لەدەستبەسەرداگرتنی کەنارەکە لەژێر دەسەڵاتی ئەمەوی و هەتا رووخانی دەوڵەتەکە هەروا مانەوە.

بەڵام لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسی، ئاراستەی چالاکییەکانیان بۆ دابینکردنی دڵنیایی گەشتەکانیان بە دەریاکانی رۆژهەڵاتداو ئازادی (مخول) رێگا بازرگانییەکان لەدەریای سوورەوە بۆ کەنداوی عەرەبی بوو، لەو رۆژگارەدا دەریای سوور گرنگی و چالاکیە زۆرەکەی لەدەستدا بوو، لەکۆتایی سەدەی 3ک/9ز ئەو بایەخە بازرگانییەی بەدەستهێنایەوە، هۆکاری ئەمەش بازرگانی لەکەنداوی عەرەبی دووچاری مەترسی بوو، لەئەنجامی ئەم رووداوە سیاسیانەی لەعێراق و ناوچەکانی کەنداوی عەرەبی سەریانهەڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بڵێین لەسەرەتای سەردەمی عەباسییەکان گرنگیان بە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا نەداوە، بەڵکو چەندین گێڕانەوە هەن کە بایەخپێدانی خەلیفە **ئەبو جەعفەری مەنسورو هارونە رەشید** بە کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیاو لکاندنیان بە خەلافەتی عەباسی دووپات دەکەنەوە، تەنانەت رەشید لەلایەن شارەکانی کەنار دەریا وەکو فەرمانڕەوا دەستنیشانکراوە.

شوێنی جوگرافی کەناری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا هۆکاربووە بۆ راکێشانی ژمارەیەکی زۆری موسڵمانەکان بەلای خۆیدا، 1)دووری لەناوەندی خەلافەت کردی بە وێستگەی ئەو کەسانەی لە دەست زوڵم و ستەم و کێشە سیاسیەکان هەڵدەهاتن، 2)هەروەها زانیاری کۆنی عەرەبەکان لە بارەی ناوچەکە، هانی زۆرێک لەو کەسانەی دەدا کە ئارەزووی کۆچکردنیان دەکرد بۆ ناوچەکە، 3)سەرباری ئەوەش گەیشتن بەم ناوچەیە ئاسان و سەلامەت بوو، بەتایبەتی کە عەرەبەکان پێشتر شارەزای رێگاو یاساکانی گەیشتن بەم ناوچەیە بوون، 4)هەروەها بازرگانیکردن لەگەڵ ئەم ناوچەیە زۆرێک لەموسڵمانەکانی راکێشا بۆ کۆچکردن و نیشتەجێبوون لەناوەندە بازرگانییەکانی کەناری

دەریا، بۆ ئەوەی لەئەنجامی مومارەسەکردنی بازرگانی هەمیشەیی بژێوی ژیانیان لەم ناوچەیەدا پەیدا بکەن.

ئەوەی تێبینی دەکرێ جێگیربوونی موسڵمانەکان لەکەنارەکان، لەکەناری (بنادر)ەوە دەستی پێکرد، دواتر بەشێوەیەکی فراوان نیشتەجێبوون و گەیشتنە دوورترین شوێنە ناسراوەکانی کەناری رۆژهەڵاتی ئەفریقیاو دوورگەکانی بەرامبەریان، لەئەنجامی ئەم کۆچە ئاینی ئیسلام و کلتوورو شارستانیەتی ئیسلامی بە خێرایی بە درێژایی کەنارەکان بڵاوبووەوە.

مەسەلەی کۆچی موسڵمانەکان بۆ کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیا تا ئێستا بە تەواوی روون نییە ئەمەش 1)بەهۆی نەگونجانی گێڕانەوەکان لەگەڵ یەکترو 2)کەمی زانیاری بەتایبەتی گێڕانەوە لۆکاڵییەکان (روایەتە محلییەکان) و 3)دەست نەگەیشتن بە دەستنووسە (مخطوطات) ئەفریقیەکان چ بە زمانی عەرەبی یان بە زمانی سەواحلی بن، بەڵام دەتوانین بڵێین دەستپێکی کۆچی عەرەبە موسڵمانەکان روون و ئاشکرایە، هەر کاتێک شوێنی مانەوەیان دادەنا، دواتر ژمارەیەکی زیاتریان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، هەتا گەیشتە ئەوەی کەناری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا بەراستی (بەفعلی) بوو بە ناوچەیەکی عەرەبی ئیسلامی.

تێبینییەکی دیکە کە شایەنی بایەخ پێدانە، نیشتەجێبوونەکان سەرەتا لەکەنارەکان دەستی پێکرد، دواتر عەرەبە موسڵمانەکان وردە وردە چوونە ناوەوە، تاوەکو پەیوەندی لەگەڵ گەلانی ناوەوەی ئەفریقیا دروست بکەن، هەروەها زۆربەی کۆچەرە عەرەبەکان خەڵکی کەنداوی عەرەبی بوون، ئەمەش ئاساییە چونکە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا پەیوەندییەکی دێرین و بەردەوامی لەگەڵ کەنداوی عەرەبی هەبوو، کە بازرگانی رۆڵێکی گەورەی لەپەرەپێدانی ئەم پەیوەندییە هەبوو.

لەگرنگترین کۆچەکانی سەرەتای ئیسلام، کۆچی **عومانییەکان** بوو لەنیوەی یەکەمی سەدەی 1ک / 7ز، ئەویش کۆچی (**ئال جەلەندی**) لەخێڵی (**ئەزد**) کە حاکمی عومان بوون، پاش ناکۆکیان لەگەڵ خەلافەتی ئەمەوی ناچاربوون کۆچ بۆ کەناری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا بکەن، ئەم کۆچە بە رابەرایەتی (**سلێمانی کوڕی سەعید**) بوو، بەڵام بەتەواوی نەزانراوە لەچ شوێنێک نیشتەجێبوون، بەڵام بە پشت بەستن بە هەندێک سەرچاوە لە (**باتا**) (یەکێکە لەکۆمەڵە دوورگەکانی لامۆ) دابەزیون و شاری باتاش لەباکووری کینیا هەر ئەوان بنیاتیاناوە، ئەم دوورگەیە لەمێژووی عەرەبی ئیسلامیدا رۆڵی گرنگی هەبووە.

گەورەترین کۆچی عەرەبە موسڵمانەکان، کۆچی خێڵی (**بتاوە**) بوو لەحەزرەمەوتەوە بۆ شاری باتا، لەراستیدا عەرەبەکانی حەزرەمەوت رۆڵێکی باڵایان لەپرۆسەی پەیوەندی بە کەناری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا هەبووە، رۆڵێکی دیاریان لەچالاکی بازرگانی لەم کەنارەدا هەبووەو ژمارەیەکی زۆریان لەم ناوچەیەدا نیشتەجێبوون. دواتر چەندین کۆچی دیکەی عەرەبەکانی بەدواداهات، لەسەدەی 2ک / 8ز **زەیدییەکانی** یەمەن کە دیارە شوێنکەوتووی (**زەیدی کوڕی عەلی**) بوون، سەرەتا لەکەناری (**بنادر**) نیشتەجێبوون، پاشان لەئەنجامی فشاری کۆچە یەک لەدوای یەکەکان لە سەریان بەرەو ناوچەکانی ناوەوە چوون. لەکۆتایی سەدەی 3ک/9ز کۆچێکی دیکەی عەرەبە موسڵمانەکان گەیشتە ناوچەکە، کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەخێڵی (**حارس**) بە سەرکردایەتی حەوت برا بوو، بەهۆی ناکۆکیان لەگەڵ حاکمی (**ئەحسا**) بوو، دوای جێگیربوونیان بەنی حارس دەسەڵاتی خۆیان لەناوچەکەدا بەهێزکردو شارەکانی (**مەقدیشۆ**) و (**بەراوە**)یان دامەزراند.

خێڵەکانی (**نەبهانی**) پاش ئەوەی لەسەدەی 6ک / 12ز دەستیان بەسەر عوماندا گرت، گەیشتنە کەناری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا و لەشاری **باتا** جێگیربوون، دوای ناکۆکیان لەگەڵ (**یەعاریبە**)، توانیان یەکێتییەکی گەورە لەکەنارەکەدا پێکبهێنن، بەمەش باتا بازرگانییەکی دیارو فراوانی بەخۆوە بینی. ئەوەی جێی سەرنجە هیچ کات کۆچی عەرەبە موسڵمانەکان نەپچڕاوە، ئەمەش 1)بەهۆی دەوڵەمەندی و نزیکی لەخاکی عەرەب و 2)سەقامگیری و دووری لەململانێ سیاسییەکانی دەوڵەتی ئیسلام، هەموو ئەمانە پاڵنەری بەردەوامبوونی کۆچەکان بوون تاوەکو سەدەی 15ز و گەیشتنی ئیستعماری پورتوگالی بە ناوچەکە. هەروەها ئەنجامی سەرەکی ئەم کۆچانە بۆ ناوچەکە، دامەزراندنی ناوەندەکان و شارەکان بوو بە درێژایی ئەم کەنارەو دوورگەکانی بەرامبەری و ناوەوەی ئەفریقیا، ئەم شارو ناوەندانە هەرزوو توانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن و سەرکەوتن و پێشکەوتنی گەورە بە دەستبهێنن، هەروەها تا ڕادەیەکی زۆر رێکخراو و سەقامگیربوون و بەشدارییان لەبوژانەوەی ئابووری و شارستانی ناوچەکە کرد.

## 3) گەیشتنی ئیسلام و دەرکەوتنی لەرۆژئاوای ئەفریقیای باشووری بیابان:

سودانی رۆژئاوا بەشێکی سەرەکی و گرنگی وڵاتی سودانی گەورەیە، لەرووباری نیجەرەوە لەرۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە هەتا زەریای ئەتڵەسی لەرۆژئاوا، لەباکووری بیابانی گەورەو لە باشووریشی دارستانی خولگەییە، دەکەوێتە سەر هێڵی پانی 5- 25 پلەی باکوورو لەنێوان هێڵی درێژی 17ی رۆژئاواو 15ی رۆژهەڵاتدایە، لەسەرەتادا جوگرافیناس و مێژوونووسە موسڵمانەکان

بەم بەشەی وڵاتی سودان ئاشنا نەبوون، بە دیاریکراوی لەسەدەی 2ک / 8ز موسڵمانان پێی ئاشنا بوون، کاتێک فەلەکناس ئەلفەزاری ئاماژەی بەوەدا کە لەو دیو بیابان وڵاتێک هەیە پێی دەڵێن غانا (زەوی زێڕ).

بە گوێرەی بەڵگە مێژووییەکان پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و ئەفریقییەکان لەناوچەکە لە پێش هاتنی ئیسلام لاواز بووە، بەهۆی سەختی هاتوچۆ لەبیابان کە خاڵی بوو لەدانیشتوان، بێجگە لەبەربەرە کۆچەرەکان کە بەردەوام بە دوای لەوەڕگاو ئاو و خۆراکدا دەگەڕان، تاوەکو خەڵک لە دەوروبەری مێرگەکان نیشتەجێبوون و وردەوردە بە پێی کات ژمارەیان زیادی کرد. ناوەندەکانی دەوروبەری ئەم مێرگانە پاڵنەری گەورەبوون بۆ ئەو بازرگانانەی دەیانویست لەبیابان بپەڕنەوەو بگەن بە سودانی رۆژئاوا، ئەم مێرگانە سەرچاوەی ئاو و خۆراک بوون.

بزاوتی خێڵە عەرەبەکان بەرەو بیابان و دواتریش بەرەو باشوور رۆڵێکی گەورەی بینی لە گەیشتنی بازرگانە موسڵمانەکان بۆ ناوچەکە، دەکرێت بڵێین گەیشتنی موسڵمانەکان بە رووبارەکانی نێیجەرو سەنیگال جێی بایەخە، چونکە پێشتر کەس ئەم شوێنەی نەبینیبوو، بۆ نمونە رۆمانەکان نەیانتوانی بچنە ناوچەکانی باشوور، بەڵکو تەنها هەوڵیاندەدا سنوورەکانیان لەهێرشی خێڵە زنجییەکان بپارێزن.

عەرەب و بەربەرەکان چ وەک کۆچەرو چ وەک بازرگان روویان لەبیابان کرد، بەتایبەتی پاش هەندێک رووداو و نائارامی سیاسی لەوڵاتی مەغریب، وەکو شۆڕشەکانی خەوارجی **سوفریە** و **ئیبازییەکان** لەدژی دەوڵەتی ئەمەوی، لەوانە شۆڕشی (**مەیسەرە موتەغری**)، کە لەئەنجامدا دەوڵەتێک لە**سیجیلماسە** دامەزرا لەساڵی(140ک / 758ز) بەناوی دەوڵەتی (**بەنی واسول**) یان (**بەنی مدرار**)، بەردەوامبوو هەتا ساڵی(296ک / 909ز)، هاوکات شۆڕشێکی دیکە بە سەرکردایەتی (**ئەبی خەتابی موعافری**) لەمەغریبی نزیک سەریهەڵداو لەئەنجامدا دەوڵەتێک لە**تەرابلوس** لەساڵی (140ک/ 758ز)دامەزرا، بەڵام زۆر بەردەوام نەبوو و لەلایەن عەباسییەکان لەساڵی(144ک/761ز) لەناوچوو.

دوابەدوای شکستی **ئیبازییەکان** لەسەر دەستی عەباسییەکان، والی **قەیرەوان** (**عەبدولرەحمانی کوڕی رۆستەم**) بۆ ناوچەی سەخت و دژواری (**تاهرت**) باکووری جەزائیری ئێستا هەڵات، کە

زەحمەت بوو بۆ سوپای عەباسی لەو ناوچەیە بەسەریدا زاڵبن، عەبدولرەحمان لەشارەکە خۆی بە پێشەوا راگەیاند لەساڵی (160ک / 777ز).

ئەوەی لێرەدا گرنگە دامەزراندنی میرنشینی رۆستەمی بوو، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بازرگانی لەگەڵ سودانی رۆژئاوا دەکرد، بەشدارییەکی کارای لەبڵاوکردنەوەی ئیسلام لەم ناوچەیەدا کرد، ئەم دەوڵەتە خاکێکی زۆری لەژێر دەسەڵاتدا بوو لەمەغریبی ناوەراست و نزیک، زۆربەی خاکی جەزائیرو تونس و رۆژئاواو باشووری لیبیا هەتا لێواری رووباری نێیجەرو سەنیگال، ئەمەش یارمەتیدا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە ستراتیژییەکان و سەرپەرشتیکردنی رێگاکانی بازرگانی لەنێوان باکووری بیابان و باشوورداو بەدەستهێنانی کاڵا بازرگانییەکان لەسودانی رۆژئاوا کە بریتیبوون لەعاج و زێرو پەڕی نەعامەو ... هتد.

مانەوەی بازرگانە موسڵمانەکان لەئەفریقیا بووە هۆی ئەوەی لەو وڵاتە نیشتەجێبن و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەفریقییەکان ئەنجام بدەن، بەمەش چەندین خێزان و بنەماڵەی موسڵمان لەو وڵاتە پەیدابوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەردوولا موسڵمان و ئەفریقییە بتپەرستەکان لەوە گەیشتن کە دەکرێ سوود لەیەکتری وەرگرن، بازرگانە موسڵمانەکان دەیانویست زێرو عاج و پەڕەی نەعامەو دارو ... هتد بەدەستبهێنن، بازرگانە بتپەرستەکانیش دەیانویست دانەوێڵەو جلوبەرگ و خوێ بەدەستبهێنن، کە ئەفریقییەکان زۆر پێویستیان بەم کاڵایانە هەبوو، بۆیە یەک بار خوێیان لەبەرامبەر دووبار زێڕ وەردەگرت.

ئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕی بازرگانییە دروستبوونی چەندین شاری بازرگانی بوو، لەوانە شاری **سیجیلماسە** لەلای بیابان و شاری **ئۆداغست** لەلای ئەفریقیا، کە وەکو ئەڵقەی پەیوەندی نێوان هەردوولا بوون، مامەڵەی بازرگانی یارمەتی پێشکەوتنی شارستانیەتی لەم دوو شارەدا، بەتایبەتی لەلایەنی ئابووری، شاری ئۆداغست سوودی لەبازرگانی خوێ وەردەگرت، حاکمی شارەکە کە بتپەرستبوو باجی لەهەموو بارێکی خوێ وەردەگرت کە لە شارەکەیەوە بۆ وڵاتی سودان هەناردە دەکرا.

ئیدی بازرگانە موسڵمانەکان روویان لەقوڵایی سودانی رۆژئاوا کرد، هەتا گەیشتنە ناوچەکانی قەراغی دارستانە بارناوییە خولگەییەکان، نزیک هێڵی یەکسانی (کەمەرەیی- خولگەیی)، لەگەڵ خۆیان خوێیان دەبردو بە زێڕ ئاڵوگۆڕیان دەکرد، جوگرافیناس **ئیبن حەوقەل** لەساڵی (340ک / 951ز)

سەردانی شاری ئۆداغستی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە نرخی یەک بار خوێ لەنێوان 200 بۆ 300 دیناری زێڕدا بووە، هەروەها مێژوونووس و جوگرافیناس **بەکری** ئاماژە بەوە دەکات: پاشای غانا کە بتپەرستبوو پارێزگاری لە سامانی خوێی ولاتەکەی دەکردو بڕی یەک دیناری زێڕ باجی لەسەر هەر بارێکی خوێ دانابوو کە دەهاتە ولاتەکەی، دوو دیناریشی بۆ هەر بارێک دانابوو کە دەچووە دەرەوە.

هەروەها لەسەردەمی **ئیبن بەتوتەی** گەڕیدە، کە سەردانی سودانی رۆژئاوای کردووە لە سەدەی 8ک/ 14ز، بارێک خوێ هاوتای 10 مسقال زێڕ بووەو هەندێکجاریش گەیشتووە بە چل مسقال زێڕ، بازرگانی خوێ و زێڕو کالاکانی دیکەش، ئەزموونی بازرگانە موسڵمانەکانی لەعەرەب و بەربەرەکان بۆ سودانی رۆژئاوا گواستەوە، جا ئەم ئەزموونانە بازرگانی بن یاخود لەهەر بوارێکی دیکەدا بن. بازرگانە موسڵمانەکان زانیاری تەواویان لەزۆر بوار لەناوچەکەدا هەبوو کە بۆ سودان زۆر پێویست بوو، کاتێک پاشای غانا ئەو ئەزموون و توانایەی بازرگانەکانی بیست، بڕیاریدا بیانهێنێتە ئەنجومەنەکەی، بۆیە بەرپرسی دارایی و وەرگێڕو وەزیرەکانی لەموسڵمانان بوون، ئەمە بووە هۆی ئاشنابوونی پاشا بە ئیسلام و بنەماکانی و وایلێکرد لێبوردە بێت و موسڵمانان لەولاتەکەی قبوڵ بکات، رێگەی پێدان مزگەوت دروست بکەن بە جۆرێک 12 مزگەوت لەشارەکەدا هەبوون، مزگەوتێک لەنزیک کۆشکی پاشا بوو کە میوانە موسڵمانەکان نوێژیان تێیدا دەکرد، لەبەرامبەردا موسڵمانانیش لەمەسەلەی شێوازی سلاوی بت پەرستەکان خۆشبوون، ئەویش بە نواندنی دانانی خۆڵ (التراب) لەسەرسەریان، هەروەها تەنها دەستیان لێکبدەن کاتێک دەچنە ژوورەوە.

**ئیبن حەوقەل** ئاماژە بە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری بازرگانی موسڵمان دەکات لەشارە بازرگانییەکانی مەغریب و سودان، کە مامەڵەیان بەپێی سیستەمێکی پێشکەوتوو بوو، باسی ئامێرێک دەکات لەشاری **سیجیلماسە** کە بایی (24هەزار دیناری زێڕ) بووە، بازرگانێکی شاری ئۆداغست لە بازرگانێکی شاری سیجیلماسەی کڕیوە، دەڵێ هەرگیز پێشتر ئامێری نەبینیوە کە بەهای هێندە زۆر بێت.

هەر یەک لەشارەکان تایبەتبوون بە بازرگانیکردن بە مادەیەکی دیاریکراو، **تەغازی** بە بازرگانی خوێ بەناوبانگ بوو، لەکاتێکدا شاری (**تەکدا**) لە لەقاڵبدان و بازرگانیکردن بە مس بەناوبانگ بوو، کە هەناردەی میسرو مەغریب و برنۆو مالی دەکرا، شاری دیکە هەبوو بە رێکخستنی مامەڵەی

بازرگانی و پێشوازیکردن لە کاروانە بازرگانییەکان بەناوبانگ بوون، وەکو شاری **ولاتە** کە بازرگانە مەغریبی و سودانیەکان لەوێ کۆدەبوونەوە، هەروەها وێستگەیەکی کاروانەکان بوو بۆ دابینکردنی ئاو و خۆراک و پشودان.

## - شانشین و دەوڵەتەکانی ئەفریقیای باشووری بیابان:

## یەکەم- شانشینی غانا (469- 600ک/ 1076- 1203ز):

1- **شوێن و ناوەکەی**: مەبەستمان لەغانا وڵاتی غانای ئەمڕۆ نیە، کە دەکەوێتە ناوچەیەکی دوور لەباشووری رۆژئاوای ئەفریقیاو پایتەختەکەی شاری (ئەکرا)یە، بەڵکو لێرە مەبەستمان ئەو شوێنەیە کە دەکەوێتە نێوان رووباری نێیجەرو رووباری سەنیگال و سنووری دەگەیشتە باشووری مۆریتانیای ئێستا، پایتەختەکەی بە **کومبی** ناسرابوو، بە دووری 200 کم لەباکووری شاری (بماکۆ)ی پایتەختی دەوڵەتی مالی ئێستا، لەزمانی وڵاتەکەدا پێی دەگوترا (**واگادۆو**- wagadou) کە ئەمڕۆ کۆماری مالی و کۆماری سەنیگال دەگرێتەوە،

شایانی باسە، مێژووی شانشینی غانا تا رادەیەک بە نادیاری ماوەتەوە، هەندێک پێیانوایە دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، بەڵام هێزو دەسەڵاتی لەسەردەمی ئیسلامدا دەرکەوت، بۆچوونێکی دیکە دەڵێ لەسەدەی 5ز دامەزراوەو لەماوەی نێوان سەدەی 9ز هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی 11ز پێگەیەکی گرنگ و درەوشاوەی هەبووە، لەو نێوەندەدا هەندیکی دیکە دامەزراندنی دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی 4ز.

چۆن ئەم شانشینە دەرکەوت؟ هەندێک چیرۆک لەناو خێڵەکانی (**سۆنینک** - Sonink)، کە ئەوان رەگەزی راستەقینەن و هەموو بەشەکانی دیکە ئیمپراتۆریەتەکە بەشێکن لەوان، یەکێک لەو چیرۆکانە دەڵێ: سۆنینکەکان لەدۆڵە بە پیتەکان دەژیان کە لەلێوارەکانی رووباری سەنیگال هەتا رووباری نێیجەر لەرۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، لەسەدەی 4ز بەر پەلامارو داگیرکارییەکی گەورەی هەندێک لەخێڵەکانی بەربەر کەوتووە، بەربەرەکان بە تەواوی تێکەڵ بە خێڵەکانی سۆنینک بوون کە بە زمانی (**ماندی**) دەدوان، لەئەنجامی ئەم تێکەلبوونە رەگەزییەی نێوان هەردوو گەل، شانشینێکی نوێ لەرۆژئاوای ئەفریقیا سەریهەڵدا، ئەویش شانشینی (**واگادۆو**- Wagadou) بوو، ناوەکە لەخێڵی واگادۆوی حاکمی تەقلیدی خێڵەکانی ناوچەکە وەرگیراوە.

سەبارەت بە ئەسڵی ناوەکە لەبنەڕەتدا نازناوی یەکێک لەپاشاکانی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە بوو، بۆیە لەسەرەتادا وشەی غانا نازناوی پاشاکان بوو، دواتر فراوان بوو تا بە پایتەخت و ئیمپڕاتۆریەتەکەش دەگوترا، مێژوونووسی عەرەب فەزاری دەڵێ: (وڵاتێک هەیە پێی دەڵێن غانا یان زەوی زێڕ، کە دەکەوێتە باشووری بیابان و بەتایبەتی پاش تێپەڕبوون لە مەراکش). بەڵام لەراستیدا مێژوونووسان هیچ بەڵگەنامەیەکیان دەست نەکەتووە سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم وشەیە، هەروەها وشەی **غانا** بە زمانی سۆنینک بەمانای (**سەرکردەی سەربازی**) دێت، بۆیە وشەکە بوو بە ناوی ئەو شارەی کە پاشا حوکمی تێدا دەکرد، وشەی غانا لەلایەن دامەزرێنەرانی سەرەتای ئەم ئیمپڕاتۆریەتە بەکارهاتووە.

2- **مێژووەکەی**: شانشینی غانا یەکەم و کۆنترین ئیمپڕاتۆریەتی رۆژئاوای ئەفریقیایە، لەسودانی رۆژئاوا لەلایەن کۆمەڵێک لە سپی پێستەکان لەدەوروبەری سەدەی یەکەمی زاینی دەمەزرا، دواتر لەسەدەی چوارەمی زاینی زۆرگەورەو فراوانبوو، لەو ماوەیەدا سپی پێستەکان توانیان نفوزو هێزیان فراوان بکەن بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا، هەروەها سەرکردەیەک بەناوی (**کارا**-Kara) لەناویاندا دەرکەوت، کە نەوەکانی حوکمڕانی غانایان کرد هەتا ناوەڕاستی سەدەی 8ز، لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا (سونینک)ەکان بەسەرکردایەتی کەسێک بەناوی (**کابا جان سیستی**) دەستیان بەسەر حوکم داگرت.

لەسەدەی دەیەمی زاینییەوە گەڕیدەو نووسەرە عەرەبەکان زانیاری پڕ بایەخ لەبارەی ئەم شانشینە دەخەنەروو، لەوانەش: کتێبەکانی ئیبن حەوقەل و بەکری و ئیبن خەلدوون، هەروەها مێژوونووسە ئەفریقییەکان وەکو سەعدی و کاتی، باسی ئەم شانشینەیانکردووەو سەدەی چوارەمی زاینی بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم شانشینە دیاری کردووە، بۆیە بۆچوونەکان لەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم شانشینە جیاوازن.

پاڵپشت بە گێڕانەوەکانی (روایات) مێژوونووسە عەرەب و ئەفریقییەکان تاوەکو ساڵی 770ز (**44**) **پاشا** حوکمی وڵاتیان کردووە. توانیان بەردەوامبن لەحوکمڕانی ئەم دەوڵەتە تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی 8ز، دوای ئەوە حوکمی دەوڵەت بۆ لقی (**سونینکی**) گواسترایەوە، کە دەستیان بەسەر وڵاتی (**فۆتا**) داگرت، کە **تەکروری ولوف** و **سەریری** دەگرتەوە، ئەم فروانخوازییە تا سەرەتای سەدەی 11ز بەردەوام بوو، نفوزی غانا بەسەر رووبەرێکی فراوان درێژ دەبووەوە لەسەرووی رووباری سەنیگال و رووباری نیجەر بۆ ناوچەی (تمنبکت) لەرۆژهەڵات و وڵاتی

تەکرور(سەنیگال) لەرۆژئاوا، نییجەر لەباشوورو بەشی زۆری بیابانی رۆژئاوا لەباکوور، هەروەها پایتەختیان بۆ شاری (**کومبی سالح**)(ئێستا دەکەوێتە باشووری رۆژهەلاتی مۆریتانیاو شوێنێکی ئەسەرییە) گواستەوە.

ئیمپراتۆریەتی غانا بە بەهێزی سوپاکەی و زۆری ژمارەکەی ناسرابوو، **بەکری** دەڵێ: (سوپای غانا زیاتر لە 40 هەزار سەربازە)، وە چەکی ئەو سەردەمەیان بەکاردەهێنا، وەکو شیرو رم و تیروکەوان، لەکاتێکدا درواسییەکانیان لەکاتی شەڕدا شاخ و ئێسکیان بەکاردەهێنا.

ئیمپراتۆریەتی غانا پشتی بە بازرگانی دەبەست وەکو سەرچاوەی سەرەکی ئابووری، بەتایبەتی پاش ئەوەی دەستی بە بازرگانی زێڕ کرد، کە بە **ولاتی زێڕ** (بلاد الذهب) ناسرا، پاشاکانی غانا بوون بە یەکێک لەدەولەمەندترین پاشاکانی دونیا، هەرچەندە کۆنترۆڵی کانە زێڕەکانیان نەکردبوو کە کەوتبوونە ناوچەی (**وانگارا** – Wangara) لەباشووری شانشینی غانا، بەلام دەستیان بەسەر ئەو رێگا بازرگانییەی بەرەو کانەکان دەچوو داگرتبوو و باجیان لەسەر هەناردن و هاوردنی دانابوو، سەرباری ئەمەش پێگەو شوێنی غانا وایکردبوو ببێتە ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان باکوورو رۆژئاوای کیشوەرەکە.

کۆمبی سالحی پایتەختی غانا ناوبانگێکی بازرگانی زۆری هەبوو و یەکێک بوو لەگەورەترین بازاڕەکانی ولاتی سودان، وە ئیسلام بە شێوەی ئاشتی و لەرێگای بازرگان و بانگخوازە موسڵمانەکان گەیشتە ئەم ولاتە، ئەمەش بەپێی گێڕانەوەکانی (**بەکری**) کە لەساڵی (460ک / 1067ز) سەردانی ئەم ولاتەی کردووەو دەڵێ شاری غانا دوو شاری بە دیوار دەورەدراوە، یەکێکیان بۆ موسڵمانەکانەو 12 مزگەوتی تێدایە، ئیمام و بانگبێژیان بۆ دانراوە، بێجگە لەدەستەی فوقەهاو زانایان. لەکاتێکدا شارەکەی دیکە شاری پاشایە، پێی دەڵێن دارستان(غابە)، کۆشکی پاشاو مزگەوتێکی تێدایە کە موسڵمانەکان نوێژی تێدا دەکەن، هەروەها دەڵێ وەرگێڕی پاشاو بەپرسی بەیتولمال(صاحب بيت مال) و زۆربەی وەزیرەکانی موسڵمانن.

پاشاکانی غانا شوێنی موسڵمانان کەوتن تەنانەت لەجلوبەرگدا، وەکو موسڵمانەکان جلوبەرگی خامیان لەبەر دەکرد، پێچەوانەی رەعیەت و خەڵکەکەیان کە جلوبەرگی لۆکەو ئاوریشمیان لەبەر دەکرد.

ئاماژە بەوەشکراوە، پاشای غانا سەرەڕای ئەوەی بت پەرستبوو، بەڵام لەژێر کاریگەری موسڵمانەکان زۆر حەزی لەدادپەروەری بوو، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بزاقی ئیسلامی لەئەفریقیا زۆر چالاک بووە، ژمارەی موسلمانەکان لەرۆژئاوای ئەفریقیا بە رادەیەک زیادیکرد، هەموو گەلی تەکرور لەسەردەستی پاشاکەیان (**وارجابیی کوڕی رابیس**) (433ک / 1040ز کۆچی دوایی کردووە) موسڵمان بوون، بەمەش رەگەزێکی گرنگ لەئەنجامی بڵاوکردنەوەی ئیسلام زیاد بوو، هەروەها ئەم پەیوەندییە هەمەچەشن و هەوڵە گەورانە بوون بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە رۆژئاوای ئەفریقیا.

ئیسلام لەسەردەمێکی زوو پێش **مورابتییەکان** لەغانا بڵاوبووبووەوە، **بەکری** دەڵێ: لەسەرەتای سەردەمی ئیسلام، **ئەمەوییەکان** سوپایەکیان نارد بۆ فەتحکردنی وڵاتی سودان و نەوەکانی ئەم سوپایە لەغانا نیشتەجێبوون. **قەلقشەندیش** دەڵێ: خەڵکی غانا لەیەکەم فەتحدا موسڵمان بوون. دواتر مورابتییەکان دەچنە خاکی غاناو لەساڵی 1055ز شاری **ئۆداغست** داگیر دەکەن، ساڵی 1076زیش شاری غانا داگیر دەکەن و بەربەریەک دەکەن بە حاکمی شارەکە.

زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، سەدەی 5ک / 11ز قۆناغی گواستنەوە(مرحله انتقالية) بووە بۆ قوڵبوونەوەو پتەوبوونی ئیسلام لەنێو خەڵکی غانادا. لەسەر ئاستی دەسەڵاتدا بە ئاشکرا رەنگدانەوەی پێگەی ئیسلام و موسڵمانان دەبینین.

هەڵسوکەوتی فەرمانڕەواکانی غانا و کۆمەڵگای غانی بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمانان زۆر باش بوو، وەسفی **بەکری** بۆ شاری غانای پایتەخت نمونەو گەواهی و بەڵگەیەکی تەواومان دەداتێ سەبارەت بە پێکەوە ژیانی موسڵمانانی غانا، هەروەها کاری فوقەهاکان لەبڵاوکردنەوەی ئیسلام و ویستی خەڵکی غانا بۆ ناسین و ئاشنابوون بەم ئاینە.

بەهۆی شوێنە ستراتیژییەکەی شوێنەوارەکانی هێشتا گەواهی بۆ مێژووە کۆنەکەی تا ئەمرۆ دەدەن، لەلایەن خەڵکی سەنیگالەوە وەکو پایتەختی میرنشینەکەیان تەماشا دەکرێت، لەسەدەی 10 زاینییەوە شارەکە هەروا دەمێنێتەوە تاوەکو رووخانی ئیپڕاتۆریەتی سۆنغای لەسەدەی 15ز.

مێژوونووسان هەوڵەکانی (**میر ئەبوبەکری کوڕی عومەری ئەل لەمتوونی**) سەرکردەی دەمامکدارەکان (مولەثەمین) بۆ داگیرکردنی غاناو ملکەچکردنی بۆ دەولەتی مورابتییەکان(448ک / 1054ز)، بە سەرەتای شانشینی غانای ئیسلامی دادەنێن.

هەرچەندە بزاڤی مورابتییەکان لەرووی سیاسییەوە غانای لاواز کردو سەروەری مورابتییەکان بەسەر غانا ماوەیەک درێژەی کێشا، بەڵام هەر زوو غانا ئەم سەروەرییەی خۆی دوای مردنی میر ئەبی بەکری میری مورابتییەکان لەساڵی 1087ز بەدەست هێنایەوە، لەسەردەستی یەکێک لەسەرۆک هۆزەکانی (**مۆسی** – Mossi) لەباکووری **داهمی**، کاتێک ئاژاوەو ناکۆکی لەناو سوپای مورابتییەکان دروست بوو، ئەو هەلەی قۆستەوەو غانا سەربەخۆیی و جیابوونەوەی خۆی لەدەوڵەتی مورابتی ڕاگەیاند، بەڵام شانشینێکی بچووک سوودی لەم دەرفەتە وەرگرت و لەئیمپڕاتۆریەتی غانا جیابووەوە، دواتر غانا کەوتە ژێر دەسەڵاتی (**سوسو**)، بەمەش کۆتایی بە شانشینی غانای کۆن هات.

## 4- لایەنی شارستانی ئیمپڕاتۆریەتی غانا:

**أ- سیستەمی حوکمڕانی لەغانا:** ڕژێمی حوکم پێکهاتبوو لەپاشایەتییەکی دەسەڵاتخوازو زۆردار، وە دەسەڵات پشتاوپشتبوو و دوای مردنی پاشا، تەختی پاشایەتی بۆ خوشکەزا دەگوازرایەوە، چونکە پاشا گومان لەخوشکەزاکەی ناکات، بەڵام گومان لەکوڕەکەی دەکات، ئەم دیاردەیە ریشەی بۆ دابونەریتی بتپەرستی کۆن دەگەڕێتەوە، کاتێک ئیسلام گەیشتە غانا ئەم دیاردەیە لاواز بوو، بەڵام لەهەموو ناوچەکانی سودانی ڕۆژئاوا لەناونەچوو، لەکۆتاییەکانی سەدەی 5ک/ 11ز کاتێک پاشایەکان موسڵمان بوون، ئیتر دەسەڵات بۆ منداڵەکانیان لەرەگەزی نێر دەمایەوە.

پاشا دەسەڵاتی خۆی ڕاستەوخۆ لەپایتەخت (**کۆمبی صالح**) پیادە دەکرد، ژمارەیەک لەوەزیرو فەرمانبەر لەکارەکانیدا هاوکاریان دەکرد، دیارە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی پاشا و خەڵکەکەی پشتی بە بەها کۆمەڵایەتی و کلتوورییە ڕەسەنەکان بەستبوو، بنچینەی سەرەکی لەدادپەروەریدا پەیوەست بوو بە ڕەفتاری پاشا و دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر بە خەڵکەکەیان.

**ب- دابەشبوونی کارگێڕی:** غانا بەسەر چەند ویلایەتێک یان شانشینێک دابەشببوو، کە هەموویان حاکمی خۆیان هەبوو و کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبرد، بەناوبانگترینیان **ئۆداغست** و **ئۆکار** لەناوەڕاست و **شانشینی عەرەبە مەغریبییەکان** لەباکوورو **دیارا** و **باسیکۆرو تاکانت** لەرۆژهەڵات و **واجاو** و **کانیاجا** و **باغن** لەباشوورو باشووری ڕۆژهەڵات، سەبارەت بە حاکم و والییەکانیش کاریان بەڕێوەبردن و دادوەریکردن و یەکلاییکردنەوەی کێشەو گرفتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژانەی خەڵک بوو، هەروەها بۆ ئەوەی وەلائو دڵسۆزی خۆیان بۆ پاشا دووپات بکەنەوەو لێی یاخی نەبن، ئەوا یەکێک لەمنداڵەکانیان وەکو بارمتە لەکۆشکی پاشا نیشتەجێ دەبوو.

**ج- لایەنی ئابووری:** شانشینی غانا دەستی بەسەر ناوەندە بازرگانی و چەندین کانی زێڕ داگرتبوو، بۆ ئەوەی گرنگترین کاڵا بازرگانییەکانی ناوچەکە لەزێڕو کۆیلە قۆرخ بکات، هەروەها باجی لەسەر هەموو ئەو کاڵایانە دانابوو کە دەهێنرانە ناوەوەی وڵات یان هاوردەی وڵات دەکران، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر بەهێزبوونی بناغەی ئابووری هەبوو.

هەروەها خەڵکی غانا لەسەر رووباری نێیجەر کاری کشتوکاڵیان ئەنجام دەداو چەندین جۆر میوەیان دەچاند، بێجگە لەمە لەغانا سامانێکی گرنگی ئاژەڵیش هەبوو، لەئاژەڵی کێوی وماڵی وەکو مانگاو مەڕو ئاسک و شێر، سەرباری ئەمانە دانیشتوان چەند جۆرە پیشەسازییەکی جیاوازیان دەکرد لەوانە دروستکردنی بەلەم، کە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی کەلوپەل لەرووباری نێیجەر بەکاریاندەهێنا، هەروەها پیشەسازی جلوبەرگیان هەبوو کە لە خووری دروست دەکرا.

**د- لایەنی ئاینی:** لەوڵاتی غانا چەندین ئاین هەبوون، لەناویاندا ئاینی ئیسلام کە لەلایەن بەشێک لەدانیشتوانەوە پەیڕەو دەکرا، هەروەها پەیڕەوانی ئاینی بتپەرستی و زەردەشتی لەوڵاتەکەدا هەبوونە، بەکری ئاماژە بە پەرستنی دوو بت دەکات بەناوی (دەکاکیر) و (دکور)، هەروەها باسی سەرەتای ئیسلام دەکات لەشانشینەکە کە شارەکان لەژێر کاریگەری ئیسلام دابوونە، لەکاتێکدا دێهاتەکان دوور لەکاریگەری ئیسلام ماونەتەوە، کە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی گشتییە لەوڵاتی سودان و تەنها تایبەت نییە بە وڵاتی غانا.

## دووەم/ شانشینی مالی (596- 874ک / 1200- 1469ز):

دوابەدوای پارچە پارچەبوونی ئیمپڕاتۆریەتی غانا لەساڵی 460ک / 1076ز بەهۆی داگیرکردنی لەلایەن مورابتییەکان و دواتریش کشانەوەیان لەناوچەکە، بۆشایی سیاسی لەناوچەکە دروستبوو، کە وای لەهەندێک هەرێمی غانا کرد جیاببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنن، یەکێک لەوانە خێڵەکانی ماندنجۆی موسڵمان بوو کە لەناوچەی کانجاب نیشتەجێبوون، ئیدی سەرەتای دامەزراندنی شانشینی مالی بۆ ئەم خێڵانە دەگەڕێتەوە.

**1- ناو و شوێنی جوگرافی:** ژمارەیەک لە جوگرافیناس و مێژوونووسان لەبارەی شانشینی مالی دواون، کە رەنگە کۆنترینیان بەکری بێت، کە بە (مەلل) ناوی دەهێنێت و دەڵێ پاشاکەیان بە (موسلمانی) ناسراوە، بەڵام مەحمود کەعت لەمێژووەکەیدا بە (مەلە) ناوی بردووە، سەعدیش بە (ملەی) ئاماژەی پێدەکات، هەروەها حەسەن وەزان ناوی (مالی) بەکارهێناوە بۆ بەشێک لەوڵاتی

تەکرور، بەڵام قەلقشەندی مالی بەگشتی بۆ وڵاتی تەکرور بەکارهێناوە، بەڵام لەراستیدا وڵاتی تەکرور یەکێک بوو لەو هەرێمانەی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مالی دابوو.

شانشینی مالی سنوورێکی فراوانی زەوی لەژێر دەسەڵات دابوو، لەرۆژهەڵاتی وڵاتی برۆنۆو لەباکووری چیاکانی بەربەرو لەباشووریشی هەمەجە، کۆماری مالی ئێستا تەنها بەشێکی بچووکی ئەو رووبەرە بەرفراوانە پێک دەهێنێت کە پێشتر ئیمپڕاتۆریەتی مالی خاوەنی بوو، وڵاتانی ئێستای سەنیگال و گامبیا و مۆریتانیاو مالی لەخۆگرتبوو.

**2- مێژووی سیاسی ئیمپڕاتۆریەتی مالی:** دوای داگیرکردنی شانشینی غانا لەساڵی 600ک / 1203ز لەلایەن سۆسۆ و هێرشیان بۆ سەر ناوچەی کانجاب نیشتمانی رەسەنی ماندنجۆ و کوشتنی حاکمی کانجاب و خانەوادەکەی، تەنها بچوکترین کوڕی فەرمانڕەوایەکە رزگاری بوو و توانی خۆی دەرباز بکات، دواتر ئەم کوڕەی توانی شانشینی مالی دابمەزرێنێت، کە ناوی (سوندیاتا) بوو، هەروەها بە ناوێکی دیکەش ناسراو بووە کە ئەویش (ماری جاتا)یە. ئەم شازادەیە توانی پاشای سۆسۆ لەساڵی 632ک / 1235ز ببەزێنێت و وڵاتەکەی داگیر بکات، پاشان لەساڵی 637ک / 1240ز نفوزی بەرەو باکوور فراوان کردو دەستی بەسەر چەندین ناوچە داگرت و خستنیە سەر شانشینی مالی.

یەکەم پایتەختی مالی شاری (جەریبا- Geriba) بوو، سۆندیاتا کردی بە بارەگای خۆی پاش چوونە سەر تەختی کانجابا، بەڵام دوای فراوانبوونی شانشینەکەی پێویست بوو پایتەخت بگوازێتەوە بۆ شاری (نیامی- Niami) کە کەوتبووە سەر یەکێک لەلقەکانی رووباری نیجەر بەناوی (سانکەرانی- Sankarani)و لەناوەراستی ئیمپڕاتۆریەتە نوێیەکەی بوو، کە ناوی نا ئیمپڕاتۆرییەتی مالی.

شانشینی مالی رووبەرێکی فراوانی لەخۆدەگرت لەرۆژئاوا گەیشتبووە وڵاتی ولوف لەسەر زەریای ئەتڵەسی، لەرۆژهەڵات نیجەری ناوەراست و لەباکوور کۆمبی صالح گرتبووەوە، ماوەی حوکمڕانی سۆندیاتاکیتا نزیکەی 20 ساڵی خایاند، تا لەساڵی 653ک / 1255ز کۆچی دوایی کرد، لەسەردەمی حوکمی ئەودا ئەمن وئاسایش بەرقەرار بوو و بارودۆخی ئابووری لەگەشەسەندن دابوو، ئەوانەی دوای ئەو هاتنە سەر حوکم هەمان سیاسەتی حەکیمانەی ئەویان پەیڕەو کرد، کە بریتیبوو لەهاوکاریکردن لەگەڵ سەرۆک خێڵەکان، کە لەژێر نفوزی حوکمڕانی ئەودابوون، ئەمەش

بەهۆی دروستکردنی گیانی هاوڕێیەتی و دڵسۆزی و بەخشینی دەسەڵات و پلەوپایە بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکان، لەبەرامبەریشدا سەرۆک خێڵەکان وەلائو دڵسۆزی خۆیان بۆ پاشا دووپات دەکردەوە بەتایبەتی ناردنی کوڕێکی هەر سەرۆک خێڵێک کە وەکو بارمتە بوو لەکۆشکی پاشا بەدرێژایی ماوەی بەڕێوەبردنی هەرێم و ناوچەکان.

پاش کۆچی دوایی سۆندیاتاکیتا(ماری جاتە)، پاشایەکانی دوای ئەو بەردەوامبوون لەسەر بەهێزکردنی کۆڵەکەکانی دەوڵەت و فراوانکردنی سنوورەکانی، شانشینەکە هەتا کۆتایی سەدەی 7ک / 13ز بەردەوامبوو، لەوماوەیەدا 7 پاشا هاتنە سەر حوکم، بەناوبانگترینیان (مەنساولی کوڕی ماری جاتە) (653- 669ک / 1255- 1270ز) بوو، مەنساولی کۆتایی بەو نەریتە سیاسییە بتپەرستییە هێنا، کە دوای مردنی پاشا کوڕی خوشکی بێتە سەر تەختی پاشایەتی. مەنساولی بە مانای (سوڵتان عەلی) دێت. ئەم پاشایە بە یاوەری قافلەیەکی گەورەی رێگەی بیابانی گرت و سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی مەککەو مەدینەی کرد.

دوای مردنی مەنساولی چەند پاشایەکی لاواز هاتنە سەر حوکم، بەپێی ئاماژەی ئیبن خەلدون هەندێکیان نازناوی خەلیفەیان هەڵگرتبوو، یەکێک لەپاشایەکان ناوی (ساکورە) بوو، کە بە یەکێک لەپاشا مەزنەکانی مالی دادەنرێت، هەوڵیدا ناوچە یاخی بووەکان بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی، بۆ ئەو مەبەستە هێزەکانی ئاراستەی خاکی کوکو و تەکرورو جاو لەرۆژئاوا کردو توانی شکستیان پێ بهێنێت و بیانخاتە چوارچێوەی شانشینەکەی، لەماوەی حوکمڕانیەکەیدا (684- 700ک / 1285- 1300ز) توانی شکۆ بۆ ئیمپڕاتۆریەتەکەی بگەڕێنێتەوە، بەهۆی داگیرکاری و شالاوە سەربازییەکانی توانی دەست بەسەر ناوچەی رووباری نیجەری ناوەراست دابگرێت، کە ولاتی کوکو (میرنشینی سۆنغای) بەشێک بوو لەو ناوچەیە، ئیتر سنورێکی گەورەی بۆ شانشینی مالی دیاریکرد.

دوای ئەوەی سنوورەکانی ولاتەکەی بەهێزکرد، سەردانی ماڵی خوای گەورەی کرد، بەلام لەرێگای گەڕانەوەیدا لەنزیک تەرابلوس لەساڵی 1300ز کوژرا.

یەکێکی دیکە لەپاشا بەناوبانگەکانی ئەم شانشینە (مەنسا کانکان موسی- Mansa kankan musa) بوو کە بە (موسی رەش)یش ناوبانگی هەبووە، مەنسا لەزمانی زنجی بەمانای پاشا دێت و موسی ناوی خۆیەتی و کانکانیش ناوی دایکیەتی، چونکە خەڵکی سودانی رۆژئاوا ئەوکاتە سیفەت و نازناوی کوڕیان دەدایە پاڵ دایکی، لەبەرئەوەی دایک لەگەڵ زیاتر لەپیاوێک هاوسەرگیری دەکرد،

هەر بۆیە منداڵەکانی دەدرانە پاڵی، هەروەها ناوێکی دیکەی وەکو (حۆنجۆ) و (کۆنجۆ) هەبووە، کە ئەمە لەلایەن فەرەنسییەکان بەکارهاتووە، بە گەڕانەوە بۆ دایکی سوڵتان کە (نانا کانجۆ- Nanakango) پێ گوتراوە، بە تیشک خستنەسەر نەسەبی دایک، کە لەسەردەمەکانی پێش ئیسلام لەرۆژئاوای ئەفریقیادا باوبووە، دیارە تیشک خستنە سەر رەچەڵەکی دایک لەلایەن رۆژئاواییەکان کە کیشوەرەکەیان داگیرکردبوو، هەوڵێک بووە بۆ لابردنی شوناسی ئیسلامی و پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ موسڵمانان و گەڕاندنەوەی دابو نەریت و سیستەمە بتپەرستییەکان، کە ئەفریقییەکان لەپێش ئیسلام پەیرەویان دەکردن، مەسەلەی رەچەڵەک بەجۆرێک دەرکەوت کە پێچەوانەی ئەو وێنەیە بوو کە مێژوونووسە موسڵمانەکان پیشانیاندابوو، کە رەچەڵەک و ناوی سوڵتانیان بۆ باوکی دەگەڕاندەوە.

ئەم پاشایە ناوبانگی بە هەموو دونیادا بڵاوبووبووەوە، مەحمود کەعت دەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمدا لە ناو خەڵکیدا گوێم لێدەبوو دەیانگووت سوڵتانەکانی جیهان تەنها چوار سوڵتانی مەزنن، سوڵتانی بەغداو سوڵتانی میسرو سوڵتانی برن و سوڵتانی مل.

شانشینی مالی گەیشتە لوتکەی شکۆمەندی و فراوانخوازی لەسەردەمی مەنسا موسی، بە چەشنێک لە وڵاتی تەکرورو کەناری زەریای ئەتڵەسی لەرۆژئاواوە بۆ ناوچەی دەندی و کانەکانی مس لە تەکدا لەرۆژهەڵات (رۆژهەڵاتی نیجەر)، لەکانەکانی خوێ لە تەغازە لە بیابانی باکوورەوە بۆ فوتاجالون و کانەکانی زێڕ لە وەنقارە لەباشوور، هەروەها سنووری باشووری بە ناوچەی خولگەییش دەگەیشت. مەزەندە دەکرێت رووبەری ئیمپراتۆریەتی مالی لەو سەردەمەدا رووبەری هەموو وڵاتانی رۆژئاوای ئەفریقیای لەخۆ گرتبێت، ناوبانگی دەوڵەتی غانای تێپەڕاندبوو لە رووی مەزنی و بەهێزی و دەوڵەمەندی و فراوانی و ناو و ناوبانگی، کانەکانی زێڕو خوێ کەوتبوونە سنووری وڵاتەکەی و دەستی بە سەر رێگای کاروانە بازرگانییەکانی نێوان ئەم کانانە لە باکوورو باشوور داگرتبوو، لە ئەنجامی ئەوەشدا زۆر دەوڵەمەند بوو و سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکردبووەوە.

مەنسا موسی بە گەشتە بەناوبانگەکەی بۆ حەج ناسراوە، کە مێژوونووسان بەو سەروەت و سامان و کۆیلە زۆرەی لەو گەشتەدا لەگەڵ خۆی بردووە وەسفی دەکەن، لەرێگای چوونی بۆ حەج لە ساڵی 724ک / 1323ز چەندین دیاری گەورەو زێڕی زۆری پێشکەش بە سوڵتانی مەمالیک لە میسر کرد، مەحمود کەعت دەڵێ: مەنسا موسی 40 بار هێستر زێڕی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، هەروەها

دەڵێ پاش هاتنە دەرەوەی کاروانی حەجەکەی، سەری کاروانەکە دەگیشتە تەنبەکتۆ، بێگومان ئەمەش پێویستی بە پارەو پوولەکی زۆر بوو.

پاش زیاتر لە 20 ساڵ حوکمڕانی کردن مەنسا موسی لەساڵی 738ک / 1337ز کۆچی دوایی کرد، دوای خۆی ماغای کوڕی هاتە سەر حوکم کە کەسێکی لاواز بوو، لەسەردەمی پاشایەتییەکەیدا چەندین کێشەو گرفت سەریانهەڵدا، گرنگترینیان زیادبوونی مەترسی خێڵەکانی موسی بوو، کە بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر شارەکانی مالی، پاش ئەو مەنسا سلێمان کوڕی ئەبوبەکر لەساڵی 742ک / 1341ز هاتە سەر تەخت و هەتا ساڵی 762ک / 1360ز بەردەوام بوو، ئەم پاشایە چەندین کاری کرد بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و گرنگی دان بە فیقهو دانانی فوقەهایەکان لە مەزهەبی مالکی و دروستکردنی قوتابخانە و مزگەوت.

دوای کۆچی دوایی سوڵتان سلێمان، چەند پاشایەکی لاوازو گەندەڵ گەیشتنە دەسەڵات. بەهۆی ململانێ و ناکۆکی لەسەر دەسەڵات سەرەتاکانی لاوازبوون و داروخانی دەوڵەت دەرکەوتن و چەندین هەرێم و ناوچە لێی جیابوونەوە، سۆنغاییەکان دەستیان بە سەر کاروبارەکانی وڵات گرت، بە تایبەتی لەگەڵ زیادبوونی هێرش و پەلامارەکانی تەواریقەکان لە ناوچەکانی باکووری وڵات و دەست بەسەر داگرتنی شارەکانی تەنبەکتۆ و ولاتە و تاڵان کردنیان، هاوکات لە باشووری رۆژئاواش فولانی و تەکارنیەکان چەندین هێرشی گەورەیان کردە سەر وڵاتەکەو دەستیان بەسەر چەندین ناوچەدا گرت، هەروەها لە باشوور خێڵەکانی موسی چەندین هێرش گەورەو فراوانیان کردە سەر مالی، لەکاتێکدا سۆنغاییەکان لە هێرش و پەلامارەکانیان لە لای رۆژهەڵات بەردەوامبوون هەتا لەساڵی 1469ز دەوڵەتەکەیان رووخاندو دەستیان بەسەر وڵاتەکە داگرت.

### 3- لایەنی شارستانی ئیمپراتوریەتی مالی:

**أ- لایەنی سیاسی و کارگێڕی:** سیستەمی سیاسی و ئیداری لە شانشینە جیاوازەکانی رۆژئاوای ئەفریقیا تا رادەیەک وەکو یەکن، بەتایبەتی دوای قۆناغی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەم ناوچەیەدا، سیستەمی حوکمڕانی لە مالی پاشایەتی پشتاوپشت بوو، وە تەختی پاشایەتیش تەنها پەیوەست نەبوو بە کوڕانی پاشا، بەڵکو برایەکانیشی دەکرا بێنە سەر تەختی دەسەڵات، هەروەها پاشا بە یارمەتی جێگرەکەی کاروباری وڵاتی بەڕێوە دەبرد، زۆربەی کات ئەوەی ئەو ئەرکەی لەئەستۆ بوو کوڕی پاشا بوو، لە ئەنجومەنی وەزیران و زۆربەی وەزارەتەکان عەرەبەکانی باکووری ئەفریقیا هەبوون، کە دەستیان بە سەر خەزێنەو دەسەڵاتی دادوەری و کاری وەرگێڕان و راوێژکاری

داگرتبوو، جگەلەمە فەرمانبەرەکان لەسەر کاروبارەکانی دیوان و دامەزراوەکانی شانشینەکەدا دامەزرابوون، پاشا بە شێوەی زارەکی فەرمانەکانی دەردەکرد یان فەرمانی بە صاحب دیوان دەکرد بە عەرەبی بینووسێت، پاشا لە کۆشکەکەی بۆ مەبەستی راوێژکردن کۆبوونەوەی ئەنجام دەداو بەدواداچوونی بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکانی پێشووی دەکرد کە بۆ فەرمانڕەوای هەرێمەکان دەریدەکردن، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە جێبەجێکردنیان.

بەڵام سەبارەت بە دابەشبوونە کارگێڕییەکان، شانشینی مالی بەسەر پێنج هەرێمدا دابەشکرابوو:

– **هەرێمی مالی:** کەوتبووە ناوەراستی شانشینەکە.

– **هەرێمی سۆسۆ:** کەوتبووە رۆژئاوای هەرێمی مالی.

– **هەرێمی غانا:** کەوتبووە رۆژئاوای سۆسۆو درێژدەبووەوە بۆ سەر زەریای ئەتڵەسی و زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمان بوون.

– **هەرێمی کوکو:** کەوتبووە رۆژهەڵاتی مالی و مەڵبەندەکەی شاری کۆکۆ بوو.

– **هەرێمی تەکرور:** کەوتبووە رروژهەڵاتی کۆکۆ.

هەر یەک لەو پێنج هەرێمە پاشایەتییەکی نیمچە سەربەخۆیان هەبوو، کە لە دەوری سوڵتانی مالی کۆدەبوونەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئیمپراتۆریەتی مالی وەکو یەکێتییەکی کۆنفیدراڵی بوو، ئەمەش ئەوە پشت راست دەکاتەوە کە هەرێمی غانا پەیوەست بە دەسەڵاتی ناوەندی نەبووەو سۆزو وەلائێکی زارەکی بۆ پاشای مالی هەبووە.

**ب– لایەنی ئابووری:** گەشەسەندنە سیاسییەکەی هاوکات بوو لەگەڵ گەشەسەندنە ئابوورییەکەی شانشینی مالی، ئەمەش بە هۆی ئەم سەقامگیرییە ئەمنییە بوو کە لە وڵاتەکەدا بوو و هانی بازرگانەکانی باکووری ئەفریقیای دا لە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا بەردەوام بن، لەلایەکی دیکەشەوە، شانشینەکە دەستی بەسەر سەرچاوەو توانا ئابوورییەکانی وڵاتەکە داگرتبوو، وەکو کانەکانی خوێ لە تەغازەو زێڕ لە نەقارەو مس لە تەکدا، هەروەها سەرەکیترین پاڵپشتی ئابووری شانشینی مالی بازرگانی بوو، کە شارەکانی مالی لە ڕێگەی تۆڕێکی ڕێگا بازرگانییەکانەوە

بە شارەکانی باکووری ئەفریقیا بەسترابوونەوە. کاروانە بازرگانییەکان کەلوپەل و قوماش و ئاوریشم و خوێیان لەگەڵ خۆیان دەبردو بە زێڕو بەهارات و کۆیلە دەگەڕانەوە.

هەروەها بزاڤێکی کشتوکاڵی لەم وڵاتەدا لەسەر لێوارەکانی رووباری نێیجەر سەریهەڵدا، جۆرەها سەوزەو دانەوێڵەی وەکو پیازو شوتی و گەنم و گەنمەشامی بەرهەم دەهێنران، کشتوکاڵ لە هەرێمە جیاوازەکانی شانشینەکە دەکرا، چونکە خاکێکی بە پیت و ئاوێکی سازگاری هەبوو، سەرەڕای ئەمە سامانێکی گەورەی ئاژەڵی وەکو مەڕو بزن و وشتری هەبوو، ئەمە جگە لە ئاژەڵە کێوییەکان وەکو ئاسک و پڵنگ و شێرو ... هتد، هەروەها وڵاتەکە بە سامانێکی زۆری ماسیش دەوڵەمەند بوو.

**ج- لایەنی کۆمەڵایەتی:** کۆمەڵگای مالی لە چەندین خێڵ و هۆز پێکهاتبوو، بە گوێرەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی لەو ناوچەیەدا بڵاوبووبووەوە سەرۆک خێڵ سەرۆکایەتی خەڵکەکەی دەکردو لە لوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکەیدابوو و رابەرو سەرکردەی سەربازی و ئاینی بوو، هۆزەکان لەچەندین تیرەو یەکەی بچوکتر پێکهاتبوون کە پەرش و بڵاو و هاوسێی یەکتری بوون، هەروەها کۆمەڵگای مالی دابەش ببوو بە سەر چەند چینێک کە پاشاو بنەماڵەکەی لە سەرەوەی چینەکە بوون، پاشان چینی سەربازان و دوای ئەوانیش چینی گشتی دەهات کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای دەگرتەوە، ئەوجا چینی کۆیلەکان دەهات کە نزمترین چینی کۆمەڵگای مالی بوون.

## سێیەم/ شانشینی سۆنغای ئیسلامی (777-1000ک/ 1375-1593ز)

هەر دوو ئیمپراتۆریەتی غاناو مالی گەیشتنە ئاستێکی گەورەی فراوانخوازی و توانیان ناوچەیەکی بەرفراوانی رۆژئاوای ئەفریقیا کۆنترۆڵ بکەن، وێڕای ئەوەش هیچیان نەگەیشتنە ئاستی ئیمپراتۆریەتی سۆنغای لەهێزو دەسەڵاتدا لەماوەی سەدەی 9و 10ی کۆچی/ 15و 16ی زاینی.

### 1- مێژووی سیاسی شانشینی سۆنغای پێش ئەسیکییەکان:

سۆنغای بۆ ماوەیەکی زۆر تابعی یان سەر بە شانشینی مالی بوو و هەندێکجاریش جۆرێک لەسەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری هەبوو، مەنسا موسی مزگەوتێکی لەشاری (جاو)ی پایتەختی سۆنغای بنیاتنا، ئەمەش دوای گەڕانەوەی بوو لە گەشتی حەج لەدەوروبەری ساڵی 723- 724ک/ 1324-1325ز. لەگەڵ کۆچی دوایی مەنسا موسا لەساڵی 738ک/ 1337ز، سۆنغای هەوڵیدا چیتر گوێڕایەڵی سوڵتانەکانی مالی نەبێت و هێرشی کردە سەر سنوورەکانی رۆژهەڵاتی شانشبنەکەو

کۆنترۆڵی کرد، بۆیە مالی لەسەردەمی موسای دووەم (776-789ک/ 1374-1387ز) ناچاربوو هەڵمەتێکی سەربازی بۆ لەناوبردنی جاو ئەنجام بدات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئیدی لەوکاتەوە سۆنغای لەژێر کۆنترۆڵی شانشینی مالی دەرچوو.

سونی عەلی (870- 898ک/ 1464-1492ز) کە یەکێک بوو لەپاشا بەهێزەکانی دەوڵەتی سۆنغای، چەندین هەرێمی خستە پاڵ دەوڵەتەکەی بەتایبەتی شاری تمبەکتۆ لەساڵی 873ک/ 1468ز و شاری جنی لەساڵی 878ک/ 1473ز، سونی عەلی کەسێکی زۆر توندو تیژ بوو و بەتەواوی پابەندی ئاینی ئیسلام نەبوو، فەرمانی کوشتنی بۆ هەموو ئەوانە دەردەکرد کە لەگەڵیدا ناکۆک بوون لەبیرورا یان قسە، تەنانەت زۆربەی ئەو زانایانەی وڵاتەکەی کوشت کە ئامۆژگاریان دەکرد، هەرچەندە دواتر پەشیمان بووەوە لەوەی کە ئەنجامیدابوو، زۆرێک لەمێژوونووسان پێیانوایە موسڵمانێکی راستەقینە نەبووەو بە دژە ئیسلامی دەزانن، دەڵێن هەرگیز وازی لەپەرستشە تەقلیدییەکانی سۆنغا نەهێناوە، بۆیە پیاوانی ئاینیش بەردەوام رەخنەیان لێ دەگرت.

سونی عەلی شانشینی موسای داگیرکردو خستیەسەر شانشینەکەی خۆی و بەرەو رۆژهەڵات رۆیشت و هێرشی کردە سەر چەند میرنشینێکی هەوسا، پاشان بە ئاراستەی رۆژئاوا فراوانخوازی کرد بۆ سەر وڵاتی ماندنجۆو فولانی و خاکیکی گەورەی لە دەوڵەتی ئیسلامی مالی داگیرکرد، بە ئاراستەی باکووریش هەتا وڵاتی تەوارق رۆیشت، تا لەساڵی 898ک/ 1492ز کۆچی دوایی کردو ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی لەدوای خۆی جێهێشت، باس لەوە دەکرێت لەکاتی گەڕانەوەی لەیەکێک لەهەڵمەتە داگیرکارییەکانی هێرشی کرایە سەرو لەناوچوو، کوڕەکەی ئەبوبەکر هاتە سەر تەخت، بەڵام بەهۆی لاوازی زانایان رەتیانکردەوە لەدەسەڵات بمێنێتەوەو لەجیاتی ئەو وەزیرەکەی (محەمەد توری) یاخود (ئەسکیا محەمەد)یان هەڵبژارد.

**2- شانشینی سۆنغای لەسەردەمی ئەسکییەکان:** پاش مردنی سونی عەلی لەساڵی 898ک/ 1492ز، کوڕەکەی تەختی پاشایەتی وەرگرت، بەڵام محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری توری سەربازەکانی کۆکردەوەو شەڕی لەدژی کوڕەکەی سونی عەلی کردو شکستی پێهینا، بەمەش سەردەمی سونی کۆتایی پێهات.

پاش ئەوەی ئەسکیا محەمەد دەسەڵاتی وەرگرت هەستا بە رێکخستنی کاروبارەکانی وڵات لەلایەنی ئیداری و کۆمەڵیک کەسی لێهاتووی لەسەر پلەو پۆستەکان دانا، هەروەها سوپاکەی

ڕێکخست و سوودی لەئەزموونەکانی پێشووی بینی، لەئەنجامی دوو کاریدا بە ڕوونی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئیسلامی لەسەر دەبینین، یەکەمیان گرنگی پێدانی بە کاروباری ئاینی و سوودوەرگرتن لەسەروەت و سامانی پێش خۆی بۆ پێشخستنی وڵات ، دووەمیان ئەنجامدانی حەج بۆ مەککە لەساڵی 902ک/ 1495ز، کاروانەکەی لەڕووی شکۆو گەورەییەوە لەسەرووی کاروانەکەی مەنسا موسا بوو، لەماوەی دەسەڵاتیدا تەمبکتۆ پێگەیەکی گرنگی وەکو ناوەندێکی خوێندنی ئیسلامی لەرۆژئاوای ئەفریقیا بە دەستهێنا، لەو سەردەمەدا ناوبانگی شارەکە لەڕووی زانست و زانیاری بە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبووبووەوە.

ئەسکیا حاجی محەمەد لەنێوان ساڵانی 903-904ک/ 1497-1498ز بزووتنەوەیەکی گەورەی جیهادی دژی خێلەکانی موسی بت پەرست ئەنجامداو سەرکەوتنی بەسەریاندا بەدەستهێنا، بەڵام نەیتوانی بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆییەوە.

هەروەها لەساڵی 906ک/ 1500ز هێزەکانی سۆنغای هەڵمەتیان بە ئاراستەی باشووری رۆژهەڵات کرد، سەرکەوتنیان بەسەر سونی بارۆو گەلەکەی بەدەستهێناو دەستیان بەسەر ناوچەکە داگرت، وە لەماوەی 912-918ک/ 1506-1512ز لەشکری سۆنغای توانی هەموو خاکی وڵاتی کۆنی مالی بخاتە ژێر دەسەڵاتییەوە، پاشان بە ئاراستەی رۆژهەڵات فراوانخوازی کردو لەساڵی 919ک/ 1513ز ژمارەیەک شاری وڵاتی هەوسای داگیرکرد.

سەرباری ئەو هەموو دەسەڵاتەی ئەسکیا محەمەد هەیبوو، کەچی لەکۆتاییدا لەلایەن کوڕە گەورەکەی موسا لەدەسەڵات دوورخریەوە. سەرەتای سەردەمی ئەسکیا موسا (934-937ک/ 1528-1531ز) بە ململانێ لەگەڵ برایەکانیدا بوو، بەردەوام بوو لە حوکم هەتا کوژرا، دوای ئەو ئەسکیا محەمەدی دووەم (937-943ک/ 1531-1537ز) هاتە سەر دەسەڵات، لەماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا توانی بەسەر کۆسپەکانی بەردەمیدا زاڵ بێت، بەڵام دواجار لەلایەن ئیسماعیلی برای کوژرا کە تەنها دوو ساڵ حوکمڕانی کرد (943-945ک/ 1537-1539ز)، ئەم پاشایە ناوبانگی بە بوێریی و ئازایەتی دەرکردبوو، سەرکردایەتی هەڵمەتێکی دژی بت پەرستەکان لە باشووری رۆژئاوای شانشینەکەی کرد، لەسەردەمی ئەم پاشایە پەتای تاعون بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە، خۆیشی لە شەڕی بت پەرستەکان کوژرا.

دوای ئەو بە پاڵپشتی سوپا دەسەڵات رادەستی ئەسکیا ئیسحاقی یەکەم (946-956ک/ 1539-1549ز) کرا، سەردەمی ئەسکیا ئیسحاق سەرەتای دەست تێوەردانی سەعدییەکان لەوڵاتی سودانی رۆژئاوا بوو کە فەرمانڕەوای مەغریبی دوور بوون، دوای ئەو ئەسکیا داود (956-990ک/ 1549-1582ز) هاتە سەر تەخت کە بە شیوەیەکی حەکیمانە حوکمی کرد، ماوەی فەرمانڕەوایيەکەی بە ئەنجامدانی شەڕێکی زۆر دژی خێڵە بت پەرستەکانی دەوروبەری وڵات دادەنرێت، پاشان دەسەڵات بۆ ئەسکیا محەمەدی سێیەم (990-995ک/ 1582-1586ز) گواسترایەوە، کە رووبەرووی کێشەی زۆری ناوخۆی وڵات بووەوە، بەتایبەتی ململانێ لەسەر دەسەڵات، لەو سەردەمەدا سوڵتانی مەغریب بە هەڵمەتێکی سەربازی گەیشتە کانەکانی خوێ لە تەغازەو داگیری کرد.

ئەم هەڵمەتە بووە هۆی لادانی ئەسکیا محەمەدی سێیەم و دانانی براکەی محمەد بانی (995-997ک/ 1586-1588ز)، دوای دوو ساڵ کۆچی دوایی کردو دەسەڵات رادەستی ئەسکیا ئیسحاقی دووەم (997-1000ک/ 1588-1591ز) کرا کە برای بوو.

سوڵتان ئەحمەد مەنسوور ئەلسەعدی لەمەغریب نامەیەکی بۆ ئەسکیا ئیسحاقی دووەم نارد تێیدا داوای لێکرد سوڵتانی مەغریب بە سەر رۆژئاوای سودان بناسینێت و کلیلی شاری تەغازەی رادەست بکات، بەڵام ئەسکیا ئیسحاقی دووەم رەتی کردەوە، سوڵتانی مەغریب هەڵمەتێکی ئامادەکرد، پاش چەند شەڕێک هێزەکانی مەغریب لەساڵی (1002ک/ 1593ز) چوونە ناو شاری (جاو)، ئەسکیا نوح برای ئیسحاقی دووەم هەوڵیدا رووبەرووی مەغریبییەکان ببێتەوە، بەڵام شاڵاوە یەک لەدوای یەکەکانی مەغریبییەکان ناچاری کرد وڵات بە جێ بهێڵێت، بەمەش کۆتایی بە دەوڵەتی سۆنغای لەژێر حوکمڕانی ئەسیکییەکان هات.